"جەمال بابان"

# سەیدکەڵەک

و

هەشت چیرۆکی کۆمەڵایەتی

کوردی و تابلۆیێک

# جەمال بابان

بە یارمەتی وەزارەتی کاروباری ژوورو چاپ کراوە

# سەیدکەڵەک

## کۆمەڵە چیرۆکێکی کۆمەڵایەتی کورتە

هەواڵنامەی کتێب

بەغـــدا

١٩٦٩

چاپخانەی ئەسعەد

هەندێ لەم چیرۆکانە لە کاتی خۆیا
لە ڕۆژنامەو گۆوارە کوردی‌یەکاندا
بلاوکراونەتەوە

هەمرو مافێکی بۆ خاوەنیەتی

هەوالنامەی کتێب

چاپی یەکەم
بەغدا ١٩٦٩

سەید کەڵەری

# ســـەید کەڵەك

## ( ١ )

- ئەی تۆ چیت ئەوێ خوشکم •

- باوە سەیی گیان منیش دوعای چاویەشەم ئەوێ بۆ ئەم خزمەت کارەی خۆت ، جەیرانی کارەکەرێشت لە ماڵەوە کەوتووە ، پێری ئێوارە بە تاریکی ئاوی گەرمی ڕژاندبوو، هەیێ و نەبێ جنۆکە دەستی لێ وەشاندووە• ئەمجاریش بە قوربانت بم باوە سەیی چاوەسەرێکی ئەویشم بۆ بکە •

سەیی تەکانی دایەخۆی و تا هێزی تیابوو دوو تۆپەڵ تفی کردە چاوی منالەکەوە کە بەباوەشی دایکی یەوە بوو ئنجا لە شوێنەکەی خۆی دانیشتەوە خامە قامیشەکەی بەر دەمی هەڵگرت و کردی بە دۆتەکەداو دوو سێ جار هێنای بە سەر کاغەزێکی شڕی ژاکاواو دایە دەست ئافرەتەکەو پێ ی ووت :

- بڕۆ ئەم دوعایەش بۆ کچەکەت • لە ژێر لەچکەوە بیبەستە بەناوچەوانیەوە لێ ی مەکەرەوە تاکو مانگ ئاوا ئەبێ و چەقەڵ ئەلوورێنێ ، هیچینی مەدەری لە ( شیرەوا ) زیاتر •

بەم جۆرە باوە سەیی هەموو ڕۆژێك چەند کەسێکی ڕایی ئەکرد لە ژن و پیاوو منالی ناو دێ یەکە ، بەڵام هەر کە نارنج کچی مام هەسەن بچوایە لای بۆ دوعا یاخود نوشتە ، سەیی ئەی هێشتەوەو ئەی خستە دوای

گشت خەڵکەکە تالای چۆڵ ئەبوو ، ئەوسا بە دەم دوعاو نزای سەر زاریەوە دەستی ئەکرد بە قسەکردنو دواندنی .

سەی عەول عەزیز هەشت نۆ ساڵێك ئەبوو هاتبووە دێی ( هەسەن ئاوا ) ڕاستی‌یەکەشی دانیشتوانی گوندەکە خۆیان چووبوون بە شوێنیاو هێنابوویان چونکە هێجگار ناوی دەرکردبوو بە لە خوا ترسو پیاو چاك ، تاکو پێشڕەویان بکات لە ئاینداریو ڕەوشتی باشداو منالەکانیان فێری قورئانو نووسینو خوێندنەوە بکات ، بۆیە بە دڵو بە گیان خزمەتیان ئەکردو بە دەورو پشتیا ئەهاتنو پەیتا پەیتا شتیان ئەکرد بە قوربانو نوویان بۆ ئەچاند .

بە کورتی نانێکیان نە ئەخوارد بێ ئەو . خۆ دە کەسی‌تر لە دێ‌یەکەدا لە برسا بمردنایە کڵبوو سەرفترەو زەکات لە خاڵە سەیی زیاتر بە یەکێکی‌تر بدرێ ، بۆیە کاتێك خاڵە سەیی ئاوڕی لەم لاو لای خۆی دایەوە سەیری‌کرد ماڵەکەی گشت پەڵەتەداتەوە لە دانەوێڵەو ئازووقە ، تەوێڵەکانی پڕن لە وولاخو ئاژاڵ کە گشتی ئەمو ئەو پێشکەشیان کردبوو لە ڕێی‌خوادا .

( ٢ )

چەند ڕۆژێك بوو ، فەرمانبەرانی ( تسویە ) هاتبوونە دێی هەسەن ئاوا بۆ تۆمار کرنی مافی خەڵکەکە بە سەر ئەو زەوی‌و زارەوە کە هەیانە ، هەرکەسەش زەوی خۆی جیاواز بوو ، کەمو زۆر پەیوەندی کەسی تری‌پێوە نەبوو ، بۆیە کەسیان خەمی هیچیان نەبوو ، مەترسیان لەوە نەبوو کە یەکێك لە لای لابەلاوە لیسیان‌بهاوێتە ناو ، بۆیە هەرکە موحاکەمە دەستی‌پێ‌کرد ، وەك لە بانێك بەریان‌بەنە خوارەوە وابوو ، کە بیستیانو کار پێ‌سپێراوەکانی ( تسویە ) بۆیان خوێندنەوە کەوا ( سەی عەول عەزیز کوری سەی نەسرولای کوری سەی عەبدوللا ) دانیشتووی هەسەن

ئاوا داوای هەموو زەوی‌و زاری دێیەکە ئەکات کە تێکرای لەوەپێش لە خاوەنەکانی کڕیوەو لەوساوە لە ژێر دەستیان ، بۆ چاندنیان داونی بە دانیشتوانی دێیەکەو هەموو ساڵێک ملکانەی لێوەرگرتوون‌و بەرو بوومیانی خواردووە •

خەڵکەکە کە ئەمەیان بیست هەمووبەجارێک تاس‌بردنیەوەو کاس‌و وڕبوون ، بووبە مقۆ مقۆ لە ناویاناو هەندێ لە سەرگەورەکانیان ئەوەندەی نەمابوو هەر لەوێدا هەڵسن پەلاماری سەیی بدەن ، بەڵام ڕیش‌سپیەکانیان نەیان هێشت‌و دایان‌مرکاندنەوەو لە شوێنی خۆیان دایان نانەوە تاکو بزانن دوایی‌یەکەیان بەچی ئەگات • سەیدیش سەری دانەواندبوو ، چاوی بەرز نەئەکردەوە ، لەبەرخۆیەوە زۆر بە هێمنی وەک نەبای دیبێ‌و نەباران ، ڕووی‌کردە کار بەدەستی ( تسویە ) ووتی :

ـ بەڵێ قوربان هەر زەویەک لەم زەویانە کە بەندە لەمانەم کڕیوە ، لەباتی نرخی خۆی دوو قات‌و سێ قاتم لەسەرژماردووەو هەموو ساڵێکیش لە ملکانە سەندنا تەواو خاترم گرتوون‌و چاوم لە دزی‌و دەست پیسیان‌پۆشیوە ، بروا بفەرموو نیوەی مافی خۆمم وەرنەگرتووە لێیان ، ئەوەتا ئێستاش ئەوەندە پێ‌نەزانن دان بە هێچدا نانێن • بەڵێ قوربان دنیاکە تەواو گۆڕاوەو گەورەو بچووکی نەماوە ، ڕاست‌و درۆو چاک‌و خراپ لەیەک جیاناکرێنەوە ، بۆیە پاکیش لەگەڵ پیسا ئەڕوا •

کار بەدەستی ( تسویە ) سەرێکی بۆ ڕاوەشاندو هەناسەیەکی ساردی بۆ هەڵکێشا ، دوای ئەوەی ڕەنگێکیشی هێناو ڕەنگێکی برد ووتی :

ـ قوربان جەنابی سەیی ، داخی ئەمانە لە دڵی منایە بەڵام بە سەری تۆ هەموو میری وا ڕیزگاوی کردن ، ئەرەنا زاتێکی پیرۆزی وەک ئێوە ڕانەکێشیتە ژێر موحاکەمەوە لەگەڵ ئەم ڕەش‌و ڕووت‌و بێ‌خاوسانەدا ، ئەمە موحاکەمەی بۆچی‌یە ؟ شتەکە وەک ڕۆژی ڕووناک دیارە کە ماف مافی ئێوەیە • ئنجا رووی‌کردەخەڵکەکەو ووتی :

– ئاخر نابێ ئێوه نەختێك لە خوا بترسن و توزێك لەو پشتێنە سەوزەی پشتی ئەم زاتە پیرۆزە بسڵەمێنەوە ، لام وایە ئەوەندە بە نەرمی لە گەڵتان جوولاوەتەوە بۆیە ئێوەش وا هاربوون ؟

لە کاتی موحاکەمەدا مامۆستا مەلا ئەحمەد ، ئەو مەلایەی کە هەر خەڵکی دێیەکە خۆی بو ، وەسی چوار ساڵێك ئەبوو خوێندنی تەواو کردبوو گەڕابوەوە ، لە بەر ئەوەی کە پیاوێکی ڕاست و تێگەیشتوو بوو بۆیە سەیی بە هەموو جۆرێك ئەیویست بیشکێنێ و لەبەر چاوی دانیشتوانی دێیەکەی بخات ، لە کاتی موحاکەمەدا ئەویش لە ناو خەڵکەکەدابوو ، کە ئەم هەیتو هوتەی بیست ڕووی کردە خەڵکەکەو پێی ووتن :

– چەند جارم ئامۆژگاری کردن ووتم ئاگاتان لە خۆتان بێت ، ئەم کابرایە دەستبڕە ئاخری دێیەکەتان بێچوڵ ئەکاوماڵیشتان وێران ئەکا ، دە بخۆن دەێ ، ئێوەش واتان ئەزانی کابرا خدری زیندەیەو منیش لە بەر خۆم ئەو قسانە ئەکەم .

یەکێك لە دانیشتووان کە لە هەموویان جەرگ بڕاوتر بوو خۆی پێنەگیرا هەر هەستاو شاڵاوی برد بۆ سەیی و دەستی خستە بینی و لێی توند کردو هێنایەوە یەك ، تا قرخە قرخی پێخست بەڵام پۆلیس بە زۆرو بەلە پرووزی لە ژێر چنگیان دەرهێناو کابرایان ڕاکیشایە ئەملاوە ، لە سەر ئەوە سەیی داوای کرد کە موحاکەمەکەی بۆ بگۆیزرێتەوە بۆ شار ، هەر لەوێدا هەستاو دێیەکەی بەجێهێشت .

سەیی شایەتی درۆی کۆکردەوە کە هەموو سوێندیان لە سەر زەکات و سەرفترەکە بۆ ئەخوارد کە ئەمە ملکانە بووە وەری گرتووە ، هاتوچۆی زۆری کردو خزمەتی گەلێك کەسی کردو کۆڵی نەدا تابڕیاری بە رایی بۆ دەرچوو ، کە بەوە زەوی و زاری دێیەکە بوو بە هی ئەو ،

بۆ ئەوەی هەر کە لادێیەکانیش جوولانەوە یا لاسارییەکیان کرد گورج بکێشێ بە تەوقی سەریانا ، چوو بە درۆو دەلەسە بڵاوی کردەوە کەوا هەڵگەڕانەوە لە گوندەکەدا پەیدابووەو تەواو پەرەی سەندوەو خەڵکەکە نیازی پەلاماردانو هێرشیان هەیە ، بەوە کاربەدەستانی سازکردو مەخفەرێکی پۆلیسی پێ هێنانە دێیەکەوە •

کات شەوێکی زستانی تاریك بوو ، نمە نمە باران ئەباری ، کزەیەکی هێجگار ساردیشی ئەهات ، سەگەلی ناو ئاوایی کردبوویان بە وەڕینو لوورە لوورێك پیاو وای ئەزانی لەشکر داویەتی بە سەر گوندەکەدا ، دە کەچی لەشکر نەبوو ، بەڵکو دەستەیەك لە کاربەدەستانی میری بوون کە لەسەر خەبەردانی سەی عەول عەزیز لە شارەوە هاتبوون بۆ پشکنینی ماڵی مامۆستا مەلا ئەحمەد کە گوایە شتی نەهێنیو ناهەموار بڵاو ئەکاتەوە بە ناو دانیشتوانی دێیەکەداو هانیان ئەدا بۆ سەرکێشیو نەدانی ملکانە بە خاوەن دێ •

مەلا ئەحمەد خۆیو ماڵو منداڵی لەماڵی خۆیانا کشو مات لێی نوستبوون ، ئاگایان لە هیچ نەبوو ، لە پڕ هەموو لە تەقە تەقی دەرگا لێدان ڕاپەڕین ، ڕوایان ئەفسەرێكو چەند پۆلیسێك کە کوێخا دێو سەی عەول عەزیزیشیان لە گەڵابوون ، هەموو خۆیان کرد بە ژوورا • کەسوکاری مەلا لە ئاواگشت دەستیان کرد بە هاوارو لەخۆدان • دوای هەندێك پشکنین سەیی خۆی جیاکردەوە چوو لە قوژبنێکا دەستی کرد بە باخڵیا ئنجا دەستێکی دانەواند بۆ زەوی پڕیاسکەیەکی گرت بە دەستیەوەو نەعرەتەیەکی لێداو هات بە لای ئەفسەرەکەوەو پڕیاسکەکەی فڕێدایە بەر دەمی ئەوسا ڕووی کردە مامۆستاو پێی ووت :

ـ ئێستاش هەر سەیی درۆ ئەکاو جەنابت ڕاست ئەفەرمووی ؟

مەلا کە شتەکانی دی هەر وەك لە بانێکی بەرز بەری دەنە خوارەوە

دەمی بوویە تەڵەی تەقیو قسەی نەکرد زانی کار لـە کار ترازاوە ئیتر ، بەزۆر بردیانە دەرەوە دوای ئەوەی کەلەپچەیان کردە دەستیو پاڵیان پێوەنا بۆ ناو ئۆتۆمۆبیلەکە بەرەو شار بردیان ، لەو لاشەوە ماڵو مـناڵ شینو شەپوریان تازە کردەوە •

بەیێنێك تێپەری بەسـەر مامۆستا مەلا ئەحمەدا لە بەندیخانە بـە هەموو چەوساندنەوەو سزا چێشتنێکەوە • بەلام خوا هەڵاگری دانیشتوانی دێیەکە بە دڵو بە گیان خزمەتی ماڵو منالەکەیان ئەکردو نەیان هێشت بێپساوی‌یان پێوە دیاربێت تۆویان بۆ ئـەچاندنو دانەوێلەکـەیان بۆ ئەدرووونەوەو بۆیان پوخت ئەکردن ، ئەوەی بۆ خواردنی خۆیان پێویست بوایە بۆیان ئەناردنەوە ، ئەوی تریشیان بۆ ئەفرۆشتنو پارەکەیان ئەدایێ ، جگە لەو بارەدارو سەرتێرەو زەکاتەی کـە جاران ئەیاندا بـە سەیی ، هەموویان بەرەو ڕووی ئەوان کردەوە هیچ گوێشیان نەئەدایە هەڕەشەو گوڕەشەی سەی عەول عەزیز • لە هەمان کاتا چوون پاریزەریان گرت بۆ مامۆستا مەلا ئەحمـەد ، هاتوچۆیان بۆ کردو پارەیان خـەرج کرد تاڕاستو درۆیان لە یەك جیاکردەوە •

**( ٣ )**

مامۆستا لە ماڵی خۆیانا دانیشتبوو لەگەڵ کەسو کاریا باسی ڕابوردوویان بۆ یەکتری ئەگێرایەوە ، پەیتا پەیتا خەڵکی دێیەکەش ئەهاتن بۆ خۆش هاتنەوەو دیدەنیو پیرۆزبایی کـە گەڕاوەتەوە بەخۆشیو تەندروستی • پەیتا پەیتا سەریان بەرز ئەکردەوە بەرەو ئاسمانو لە یەزدان ئەپاڕانەوە کە خوا پیاوی نیشتمانپەرەوەرو دڵسوز بۆ نەتەوەو وولات خۆش کا ، هەر سەربەرزوو پایە بڵندبن • دوای ئەوەی مامۆستا باسی بەندیخانەی بۆ تەواوکردن ، ووردە ووردە هاتەوە سەر باسی دێیەکە • مامۆستا پرسی :

ـ ئەی بە ڕاست ئێستا خاڵە سەیی چۆنەو لە چیان لەگەڵیا ؟

یەکێکیان وەڵامی دایەوە ووتی :

ـ چووەشتۆنەکەی تۆ ، یاخود چووەوەشتۆنەکەی پێشووی خۆی •

ئنجا یەکێکی‌تریان ووتی :

ـ مامۆستا : ئەزانی ئەو کابرایە نـە سەید بوو نە لە خواترس ؟ تاوان بارێك بوو لە کاتی خۆیا لە بەندیخانە ڕای کردبوو ، لە سەر پیاو کوشتن حوکم درابوو ، ئەو بەینە زۆرە ئێمـە هەستمان پێ‌نەکردبوو ، ئەوەبوو خۆی گۆڕیبوو بەو جۆرەی کە دیمان واتا گورگ بوو لە پێستی مەڕدا بەڵام دڵ ناگوڕی لە کاتێکا کەکەلەك‌و دروش سەرناگرێ‌و مەیدانیان گورتە ، ئێمەش گەلێك داوەمان لە سەر تۆمارکردووە یەکێك لەوانـە ئەوەیە کە پەلاماری نازنیخ کچی مام هەسەنی دابوو ، وە سکی‌پڕ کردبوو •

دوای ئەوەی مەلا گەلێك لەعنەتی بۆ نارد ئنجا پرسی •

ـ ئەی کاروباری زەوی‌و زارەکانتان چی‌لێ هات‌و بەچی گەیشت ؟

یەکێکی ووریایان وەڵامی دایەوە ووتی :

ـ ئاگری بە تینی شوڕش باڵی زۆرداری سووتان ، بێ‌گومان زەوی‌و زاریش ئەگەنەوە دەست خاوەنەکانی خۆیان ، ئەمڕۆش نەبێ سبەینێ •••

# دوو ئاوانەکەی شۆن‌ماڵەگەورە ......

## ( ١ )

دەك یاخوا بەرکەکەیت ماینە کەحیلە • سەیرکە چ چەپوکانێك ئەکات‌و چۆن کلکی لێ کلاڤە کردووە ، خۆ ئەڵێی چەترە هەڵی‌داوە • پەح لە حیلەو پڕمەو هەڵمەتی لە ناو ئەو هەموو سوارانەدا ، بڕوانە سەر ـکەللەی زیوین‌و زینەکـەی ئەڵێی تەخت‌ڕەوانە • چاوت لـەو خۆ کۆکردنەوەیەو لەو ملە جوانەیە گرتوویەتی ، کورە خۆ نایەوی پەل‌بنێتە زەوی ، جا برا ناهەقیەتی ؟ ئەوەتا پاشا خۆی سواری بووە ، مەحموود پاشا سەرۆکی گشت عێلی جاف ، سەیرکە چەند بە هەیکەل‌و چ پیاوێکی قورس‌و لەسەرخۆیە • ئەی ئەو لەشکرە چی‌یە لە دوایەوە ؟ بەڵێ بەڵێ ئەو شۆڕە سوارانەش پیاوماقوڵان‌و کورە کورەی عەشرەتن ئەوەتا فەقیانە شۆڕو سەڵتە لەبەروو بازوبەن لە قوڵ‌و جامانـە بەسەر گشت ئـەڵێی کوورەی هەنگن لە دەوری پاشا وروژاون • بە خوا برا ئەوانیش پیاوی بە شەوکەتیان تیایە ، ئەری ئەو کڵاوقوچە ماوزەر بەشانە کێیە بە سەر ئەو ئەسپە بۆرەوە ؟ هیچ ، واز لەوانە بێنە تۆ ئاور بەرەوە بۆ پاشەوە • ئەی ئەو ئافرەتانە کێن بە سواری هاتن لە دواوە ، ماڵە بەگزادە نین ؟ بەڵێ وەللا خۆیانن • ئەوە کێیە کچی پاشا نی‌یە ؟ ماشەڵلا لە پەری خان ، نازداری جافان ، لە لەشولاری ئەوئەمامی ، لە قەڵەمی ڕێکی ، لە مەچەکی

بڕ زنبڕی کورە خۆ وا گەیشتە بەر دەمان بە ڕاستی شەدەی لارو کۆلوانەی خاڵخاڵو کراسی خامەکی ئاڵ هەر لە خۆی دێ ، دەك خوا ڕووو سورت کا ئافرەتەکە •

ـ کورە دەبەسە ئیتر ڕێی منیش بدە باتێت بگەیەنم بەس بڵێ خۆ من دەمم بووبە تەڵەی تەقیو •

ئەوە پاشا خۆیـەتیو ئەوانەش عەشرەتن لەگـەڵیا ، عەشرەت • پاشا کردوویەتی بە عادەت هەمووساڵێك خۆیو عەشرەت بەخاووخێزانەوە ، بە بارەگاو ڕەشماڵو ماڵو ماڵاتەوە لە ئێڕەتی بەهارا لەکانی چەقەڵی لای کەلارەوە دێن بەرەو دووئاوانەکەی زەڵمو تانجەڕۆ لای تووەتوت بەینێك لەو ناوەدا ئەمێننەوەو لەوێوە بەرەو کوێستان ئەڕۆن بۆ ( گەلگـە ) و ناوچەی مەریوان •

( ٢ )

لە دوواوان لەوگوێ چەمو جغوردو پاشا بەڕاووشکارو نیشان‌ناناەوەو ڕاوە بەرازو ڕاوە کەرویشك ڕای ئەبوارد ، جگە لە بازی تەوازی تەرلانو یاڵەیانو سەقر کەجەش ئەکران بۆ گیانی بۆڕو کەوو سوێسکو کەرویشك • لەگەڵ کورەکورەی جافا ئەکەوتە ناو ئەو چەمو پێشەڵانە بۆ ئەم بەزمو ڕەزمە ، جاری وا هەبوو نانیشیان هەر لەوناوەدا ئەخوارد ، پاش‌عەسر دەمەو ئێوارەش کە ئەهاتەوە نێچیر شەتەك ئەدرا بە قەد وڵاخا ، وڵاخیش کەفی چەڕاندووەو ئارەقی کردوتەوە •

زەردو سوریش لەو ناو سەوزە گیای گوێ ڕوبارەدا لـەو ناو گوڵاڵە سوورەدا ئەهاتنو ئەچوون ، جارجار دەستیان ئەگرتو هەڵئەپەڕین ، یاخود تەقەیان ئەکردو نیشانیان ئەپێکا • جار جاریش سەماوەریان دەم ئەکردو چایان لێ‌ئەنا ، دەستو پێوەندیش نانیان ئەکردو دائەنیشتن هەموو پێکەوە ئەیان خوارد • بە شەویش عەشرەت یەکە یەکە



هەواڵنامەی کتێب

خۆیان ئەکوتا بۆ دیواخانی پاشا ، بۆ ژێر چادرە گەورەکە ، لە وێ هەموو کۆئەبوونەوە پاشا بە هەستێکی باوکانـەو ڕوویەکی خۆشەوە پێشوازی ئەکردن ، لە پێشا کاروباری عەشرەت چی بوایە باس ئەکراو بەجێئەهێنرا دوای ئەوە بەدەم تەنگە تێ کردنو سـەبیل تێ کردنو جگەرە کێشانو چا خواردنەوەوە قسـەی خۆشو گاڵتـەو سوحبەت ئەکرا ، لە پاشـا دەنگ خۆشەکانیان لە گۆیندەو گورانی‌بێژ تێیان ئەچریکان ، لە قەتارو ئەڵلاوەیسی ، لە هۆرەی جافەتی ، لە بەزمی خوسرەوی ئەوەی ئەیان ووت ئەیان ئەووتەوە ، لەم بەینەدا چێشتێکی‌تر چا ئەهات هی واش هەبو دیشلەمەی ئەخواردەوە ، لـەدوایی‌دا حەکایەت‌خوێند سەرگورشـتـەی ئەگێڕایەوە لە شیرینو فەرهادو مەمو زینەوە یا ئەهات تا ڕۆستەمی زاڵ بە شانامەی فیردەوسیەوە . بـەم جۆرە ڕایان‌ئەبوارد تا پاشا خـەو بەلادا ئەیبردەوە ، ئەوسا هەر کەسـە هەڵ‌ئەستا ئـەچووەوە هەواری خۆی ، ئەوانەی یاساولیش بوون ئیشکیان ئەگرت ، خۆ گورزەو کۆپاڵو شیرەو شەپالیش مێشیان بە ئاسمانەوە ئەقۆستەوە ، تا بەیانی ئەوەڕینو لورەیان ئەهات . چ پیاو خراپێك حەددی هەبوو توخنی ئەو ناوە بکەوێو بە تایبەتی نزیك بارەگای پاشا بکەوێتەوە .

## ( ٣ )

بەڵام ئاخ سەد ئاخ .

ئەوا عێل بەرەو ژوور بوونەوە ملی ڕێگایان گرتو ڕۆیشتن تەواو دوورکەوتنەوەو لە چاو وون بوون بگرە هەر نەگەڕانەوەو تۆریان کرد هەموو وێڵن . ئەوەتا ئێستا شوێن ڕەشماڵەکانی ئەوسایان درکو داڵێکی هەراشە لە گۆ چەموشۆێن دەبدەبەی سـەر ئاوەکەیان قەڵ‌فڕەو دەوەن بەئاشە . نازدارانی گۆ ئاوەکەنی‌بوون بە ماسی ، ڕاوکەر بە ژەهرو بە بۆمباوە تێیان کەوتون ، سنگ‌وسکی سپی ماسی بە سەر ئاوەوە ئەبریقێنەوە،

یەکە یەکە ئەیان گرن و ئەیان کەن بە تووڵا ، بازەوانەکان هەر بانگەوازو قەیسەرقوویانە بە دوای تەواری تەرلان و بالەبانا بەڵام هەموو کەوتوونە وەیشومەو بەو ناوەدا تەرەبوون هیچیان خاوەنی خۆیان ناناسنەوە • تازە کێ ئەو بەزمو ڕەزمەو ئەو ڕابواردن و هەڵبەرکێ یەو ئـەو ڕاووشکارە ئەبینێتەوە ؟!!

تۆ بڵێی ئاوی دواوانەکە ئەوەندە پیاوەتی کردبێ هەر بۆ مێژوو وێنەی فۆتۆغرافی ئەو دیمەنە جوانانەی لە سنگی خۆیا تۆمار کردبێ ئایا داوای لێبکەم گوایـە لایەك ناکاتەوە بەلاماو ئـەو شریتەم پیشان نادا تەوە ؟• دەسا ئەمەیان مەحاڵە ، بەڵام خۆ ئێمەش بێ خاوەن نین ، ئەی ئەوە نی یە پیرەمێردی ئەمر لە شریتی سینەدا جوانترو ڕێك و پێکتر ئـەم کارەساتانەی هەموو وورد وورد لە هۆنراوەکەیا هۆنیوەتەوە کە ئەڵێ :

دوو ئاوانەکەی شۆن ماڵە گـەورە !

سەرەو خوار ئەرووی بە پێچ و دەورە

• • • • • •

هەواڵنامەی کتێب

# جومعـە جامع

خێر خوای دێیەکە هەریەکە پارچە زەویەکی پشت ئاوایی‌یا بەراو یا کۆزە سپی دارێکیان تەرخان کردبوو بۆ مزگەوتی گوندەکە ، بـەو بڕوایەی کە لەوە دنیا خوائەجریان ئەداتەوەو ئەم خێرەیان بۆ ئەنووسێت ، بەوە خزمەتێکی دنیاو دینیش ئەکەن .

بەم جۆرە مزگەوت بوبە خاوەنی زەویو زارێکی باش ، ئەوەندەی کە بە فەرەحی بەشی هەبوو خەرجی‌یەکی بکات بۆ ڕایەخو سووتەمەنی‌و حەقی مجەوز ، بگرە بەشی کرێنی پێخەفیشی ئەکرد بۆ ئەو ڕێبوارانەی کەڕێ‌یان ئەکەوتە گوندەکەوەو شەو لە مزگەوتا ئەمانەوە .

کوێخا حەمە ڕەش کە ئاغاو دەست ڕۆیشتووی دێیەکە بوو لەوانەی کە بەرج دانەوەی قسەیان نەبوو هەرخۆیان حساببوون ، واتە لەوانەبوو کە سەنگێـکی قورسی هـەبوو لای میری‌و مووچـەخۆرەکانی ، بگرە نازیشی‌هەبوو .

مام کوێخا لە کاتی تۆمار کردنی مافی زەوی‌و زار ( تـسویە )دا ئەو زەویانەی کە لە سەر دەمی دەست‌ڕۆیشتنی ( خوا لێ‌خۆش بوان ) باوو باپیریا داگیر کرابوون لە هەژارو بێچارەکان ، ئەوانە قسەی پێ‌ناویت‌و هیچ ، ئەوانەی کە لە زەمانی خۆشیا پیادابوون چ بە زۆرو زۆرداری‌و فرو فێل‌و چ بە هۆی مووچەخۆرە نارا ستەکانی میریەوە کە کوتەکی دەستی

ئەو جۆرە کەسانەبوون‌و چ ئەوانەی کە بە نرخێکی هەرزان لە ژێر چنگی خاوەنەکانی دەرهێنابوون دوای ئەوەی لەگەل کاربەدەستانی تسویەدا ڕێک کەوت ئەوانەی هەموو بە ناوی خۆیەوە تۆمارکرد ، تەنها ئەو چەند زەوی‌یە ووشکە دوورە بەردەلانی‌یە نەبن کە چاو لە دویی مام کوێخایان نەجوولاندبوو چونکە ئەوانە زیانیان هەبوو قازاجیان نەبوو •

جا مام کوێخا هەرچی ویژدان‌و سوێندو ئاینی خۆی هەیە لە کوێری قسەکردن‌و لە ناو خەلکا لەو چوار پارچە زەوی‌یە بێ‌فەڕانەدا دەری ئەبڕین هەرکە پاکانەی ئەکردوو ئەیووت •

ـ بابە ( مستۆ ) بۆ منت نەبێ بۆ خوات بێ ، یا ڕەبی بێ‌ئیمان ڕات‌هێلنە گۆڕەوە ئەگەر ڕاست نەڕۆی ، تو خوا ئەوی حەقی خۆشم بوە لە تسویەدا دەستم لێ‌هەلنەگرتووە بۆ تیوە ؟

مستۆی هەناسە ساردیش لە ترسا شلپ دەستێکی ئەدا بە سنگی خۆیاو سەرێکی ڕائەوەشاندو ئەی‌ووت :

ـ یاخوا بێ بەلا بێ ئاغا ، ئەوە تۆ خۆت بۆچی‌وا سەغلەت ئەکەیت، شاللا بە شاللایی خوا ئاغای گشت دێ‌یەک وەک جەنابت بوونایە ، جا ئەوسا هەموو لایەک قەدری عافیەتیان ئەزانی •

ئەوەی لەوچەند ڕۆژەی موحاکەمەی تسویەدا مێشکی کوێخا حەمە ڕەشی مەشغوول کردبوو ئەو زەوی‌و زارەی مزگەوت بو کە چۆن دەستیان بەسەرا بکێشێت‌و داگیریان بکات‌و بەرو بوومیان بخوات بەلام بە جۆرێک کە گوناهباریش نەبێ‌و خواش لێ‌ی نەگرێ •

ئەوێک بەو هەموو ئاین‌ەوە لە خوا ترسی‌یەوە کە سەری بچێت نوێژی ناچێ‌و هەمیشە دەمی بە ویردەو تەزبیحات ئەکاو سەلاوات ئەدا چۆن دینەکەی خۆی نەک بۆ تەنها چەند پارچە زەویەک بە تایبەتی کە هی مزگەوت‌بێ ، بەلکو بۆ هەموو گەنج‌و کلوری دنیا نادۆڕێنێ •

ئەم قۆپیەیەی مام کوێخا لە خۆی ئەکرد بەم جۆرە لەبەر ئەوەبوو کە نەی‌ئەتوانی بە ئاشکراو یەکسەر زەوی‌و زارەکەی مزکەوت بە ناوی خۆیەوە لە قەڵەمبدا ، ئەشی ئەویست یەکسەر بە ناوی ( اوقاف )ەوە تۆماریان بکات وەك یاسا پیویستی ئەکات بەرامبەر بە زەوی‌و زاری مزکەوتەکان ، بۆیە بیرو لیکدانەوەی دۆزەخینی گەیاندی‌یە ئەوەی گشتیان بە ناوی جومعە جامع ناویکەوە تۆمار بکات دوای ئەوەی کە لەگەڵ سەرۆکی تسویەدا لەم ڕووەوە ڕیك کەوت ، ئەو جومعە جامعەی کە نە دەنگی هەیەو نە ڕەنگ ، بۆیە ئەو قوربەسەرەتی ناوتا جومعە جامع تاکو ئەگەر هات‌و هەرکاتیك لیٚ‌پرسینەوەیەك بوو یاخود تەنگیان پیٚ‌هەلچنی ئەوساکە بلیٚ‌ئەوەتا گشت مولکەکانی مزگەوتم بە ناوی خۆیەوە بە ناوی ( جمعەو جامعی شریف )ەوە قەیدکردووە .

ئەناوا مام کوێخا بە بڕوای خۆی مالی خواو دینەکەی خۆشی پاراست‌و نەی‌هیشت هیچیان بدۆڕیٚ هەر کە یەکیکی نە شارەزاش لیٚ‌ی‌پرسیایە ئەریٚ قوربان :

ـ ئەوە ئەم جومعەیە کیٚ‌یە لەم گوندەدا ئەوەندە دەوڵەمەندەو ئەم هەموو زەوی‌و زارەی بەناوەوەیە ئەی خۆی لە کوێیە ؟

مام کوێخا بەبیٚ خۆ تیکدان گورج وەڵامی ئەدایەوە :

ـ ئا کورە بزانن ئەوە مام جومعە لە کوێیە ، ئەوە بۆچ وەك پیاو نایەتە ناو پیاوان .

لەوێوە پیاوەکەی گورج ئەهاتە دەست‌و ئەی‌ووت :

قوربان لە دوینیوە چووە بۆ ئاش بۆ باراش هاڕین هیشتا نەگەڕاوەتەوە .

باقی دانیشتوی دیوەخانەکەی ئاغا لە ئەهلی دیٚ‌یەکە بەم درۆو دەلەسەیە هەموو لە ژیٚرەوە بزە ئەیگرتن بەلام نەشیان ئەوێرا قزە بکەن .

هاوڕێیەکەم ئەمانەی هەموو بۆ گێرامەوە منیش زۆر باش گوێم بۆ شل کردبوو سەرم بۆ ئەلەقاند ، لە دوایدا کە قسەکانی تەواو کرد لێم پرسی : بەتەواوەتی بۆم ڕوون کەرەوە ئایا جومعە جامع هەرنەبووە ؟

لە وەڵاما وتی : تا ئەم دەقیقەیەش نەهاتووتە دنیاوە • منیش وتم : پەنا بە خوا لە ( مخلوقی ئەم زەمانە ) •

ئەی دانیشتوانی دێیەکە هەروا دەست بەستراوو تورەقەپ بوون ؟ وتی :

ـ وەڵلا لەم دواییەدا شیری بەری دایك یان بە مام کوێخا هێنایەوەو حسابی ڕابوردویان هەموو لەگەڵ هێنایە پێشەوە بەڵام چۆن حسابێك ؟!!

هەواڵنامەی کتێب

# بوو بووم بە دڕکی مەمو زین

( ١ )

ڕۆژ نەبوو دووجارو سێجار دەمو چاوی ئەو بەستەزمانە پڕبەدەست هەڵنەکوتێ یاخود تیکێکی لە دەستی یەوە نەناڵێنێ ، کە ئەهاتە سەر قسەش هەموو جارێک ئەی قیژان بە سەریاو ئەی ووت :

— وەڵلا یا من ئەبم یاتۆ ، بەدەست خۆم نی یە حەز لە چارەت ناکەم . کوربم و ئەت بینم ، دنیام بۆ بکەیت بە گوڵو بە سەریابڕۆم ئەوسا خۆنەکەت بخۆمەوە تۆخەی ناکەم .

ئەمەی ئەووت و بۆی ئەچووەوە ، بەکارو بە توقورچ تێی بەر ئەبووەوەو ئەیووت :

هەڵبەت بە خالە لات و سوالکەرەکەتەوە ئانازی یا بە سەر ئاسینەکەی ئەنکەوە ؟ ئەی قورتان بەسەر ، وەی خاکتان بەداماق . کچەش نقەی لە خۆی ئەبڕی و دەمی نە ئەکردەوە ، ئەیزانی ئەگەر بێتە جواب ئەو ئەوەندەی تر شێت گیرتر ئەبێ ، ژنە لەم هەراو هوریاو حەشرو حەڵەڵایەدا ئەبو لە پڕ لە دەرگا ئەدرا ، ئەی ئەهێشت کچە بچێت ، خۆی گورج ڕای ئەکرد ئەیزانی مێردەکەیەتی ، بە ڕوویەکی خۆش و دەمی بەپێکەنینەوە دەرگاکەی لێ ئەکردەوەو پێشوازیەکی گەرم و گوڕی ئەکرد :

— ماندوو نەبیت ، یاخوا بەخێر بێیتەوە ، ئەوە خەریکی جل

شتن‌بووم ئاراوێکم مابوو ، چی‌بکەم تەنها باڵم هەیتیکم گسک‌دان‌و جل‌شتن‌و حاجەت شتنە ، هەیتیکم چێشت لێنان‌و خزمەتی ماڵە ، بەلام دوو- ئەوەندەی‌تر بۆ تۆ بکەم هێشتا کەمە .

ـ یاخوا لەشت ساغ بێت ئافرەتەکە ، خوا ڕووسوری دنیاو قیامەت‌ت کا ، ئەی باشە گوایە ئەشمیل یارمەتیت نادا ؟

ـ توخوا پیاوەکە واز لەوبێنە ، من چۆن ئیشی خۆم ئەدەمە دەست ئەمو ئەو ، وەڵلا بە تەمای ئەوبم ئەبێ‌ماڵەکەم بێ بە سەرەنویلك .

ئنجا دەنگی لێ‌هەڵ‌ئەبری بۆ ئەوەی کچەکە گوێ لێ‌بێت ئەی ووت : تو خوا پیاوەکە قەی‌ناکا گۆ مەدەری نەکردەیەوە فێرنەبووە ، من هەر خوا تۆم بۆ خۆش‌کات‌و خۆشم لەشم ساغ‌بێت ، ئیشی ئەوم هەرناوی، بادانیشێت فەرقی چی‌یە ، کچی خۆمەو هەر بەگلێنەی چاو خزمەتی ئەکەم .

---

پیاوەکەش واقی وڕئەما لەم قسانە :
ـ کچێ ئافرەت مانای چی ئەکردەیە، ئەو دوای مردنی دایکی‌و پێش تۆ ، زوربەی ئیشی ماڵەکەی ئەکرد ، بەو منالیەی خۆیەوە ماڵەکەی هەمیشە وەك گوڵ ڕائەگرت ، گوایە ئێستا تۆ ووتەنی بۆچی وا ئاخری شەڕبووە ؟
ـ بەخوا بڵێم چی ، منالی چی‌یە هەڵبەت ئەگبەتی‌و کلۆلی منە ، بچمە سەرکانی ووشکی ئەکەم . خۆ من وەك خوا پێ‌داوان نیم هەر بۆ خۆم دانیشم‌و شتم بێتە بەردەست .
ئنجا ئەی ووت :
دەتۆ دانیشە با قۆندەرەو گۆرەویەکانت لە پێ داکەنم ، ئەوسا هەستە جلەکانت بگۆرەو تۆزێك ئاو بکە بە خۆتا با تۆزێك فێنکت بێتەوە ، ئەنزانم

برسیە ، خۆت ئەوەندە بە ئیمەوە خەریك مەکە ، هەر تۆ خۆش بیت خوای ئەکرد ئیمە چاومان دەرئەهات .

ئنجا کە پیاوەکە ئەی پرسی ئەی کوا نەشمیل لە کوێیە ؟

لە کاتێکدا کە ئەو لە خوارەوە بو حاجەتی چەوری ئەشتو خەریکی چا لێنان بوو ، ئەم لە وەڵاما ئەی ووت :

ـ دە تو خوا تۆ نانەکەت بخۆ گێ مەدەری ، نازانم نوستوە ، خەریکی خۆ جوان کردنە ...

ـ ئافرەت ئەعوزوبیللا ، تۆ بەم قسانە شێتم ئەکەیتو دلم کرمی ئەکەیت ، کچ کچی خۆمەو باشی ئەناسم .

ـ بەڵێ چووتەوە سەر ڕەحمەتیەکەی دایکی لە حەیاو حورمەتو هەلسانو دانیشتنیا ....

ـ کچێ عەیبە ، تکات لێ ئەکەم ناوی مردوو مەهێنە . گوناهت ئەگا ، خۆ تۆ ئەوەندەی من بزانم ئافرەتێکی لە خوا ترسو بەدینی ، دوای مردن هەر ڕەحمەت ناردن باشە .

ـ دە باشە پیاوەکە ناماقوڵم کردو سەرزەمدا لە بەرد ، ئەو باش بوو ، من خراپم ، من تەمەڵم ، ئیش نەکەرم ، داڕزاوم ، دەم درێژم .

ـ ژنەکە خوا نەخواستەکەی من وام ووتووە ، قسەکە بۆ هەڵئەگیرێنەوە ؟ دەتۆ وازم لێ بێنە باشتێك بخۆمو چایەك بخۆمەوە ، وا لە برسا هەناوم تیا نەماوە .

ژنە گوڕج ڕای ئەکردە خوارەوە لە کاتێکدا کە نەشمیل چێشتی گەرم ئەکردەوە بۆباوکیو ئەیخستە سەر سینی بۆی ، ئەم لە خوارەوە تۆزێك خۆی دوا ئەخست ئنجا سینیەکەی ئەبردە سەرەوە لە بەر دەمی مێردەکەیا دایئەناو ئەی ووت :

ـ دە بخۆ ، هەر زوو ئامادەم کردبوو ، تۆ درەنگ هاتیتەوە ، ساردبووبوەوە منیش تۆزێك گەرمم کردەوە .



هەواڵنامەی کتێب

کچەش کە گوێی لەمانە ئەبوو سەری هەڵئەبڕی‌و ئەیووت :

ـ خوایە من قبوولی ئەکەم تۆقبوولی ئەکەیت ، لەوە زیاتر ئەی‌ئەویرا قزە بکات .

## ( ٢ )

خانم خۆی بە ڕاستی ئافرەتێکی جوان‌و قەڵەم ڕێک‌و دڵتەڕبوو ، هەرچەندە قەدرە کچ بوو کە شوی‌کرد بەڵام بیستو چوار سەعاتە ئەتووت بووکی ڕازاوەیەو لە ڕێوە دابەزیوە ، جلی ئاڵ‌و واڵاو سەرو پێنچی لار ، سەبەتەیەک زێڕیش پێوە ، هەمیشە وورشەی ئەهات .

لەم دوایی‌یەدا کە ئەفەندی ئەچوە دەرەوە ، ئەمیش جار جار ئەچوو، هەرچی جلی جلکن‌و بەرگی لیفەو سەرین‌و دۆشەک هەیە هەموویانی بۆ نەشمیل کۆ ئەکردەوەو لە حەمامەکەی توند ئەکردو دەرگاکەشی لە سەردائەخست بەو بیانووەوە کە ئەچوولی‌و هەموویان بشوات ، یاخود دەرگای چێشتخانەکەی لە سەرقایم ئەکرد ، خۆشی ئەچوو بەبێ دەنگ تەلەفۆنەکەی هەڵئەگرت ، چەند قسەیەکی ئەکرد ، لە دوایدا ئەوەندەی نەئەبرد ، بە دوو تەقەی ئەسپایی لە دەرگا ئەدرا . ئەمیش گورج ئەی‌کردەوە ، کوڕێکی گەنجی چوار شانە کە لە خۆی ئەچوو ، خۆی ئەکرد بەزوورا هەر جارە شتێك بە بن‌دەستی‌یەوە لە ڕێوە ئەچوە زووری میوان‌و ئەمیش ئەچوە لای ، دەرگایان لە سەرخویان قایم ئەکرد تا بەیێنك پێکەوە ئەمانەوە لە دوایدا دەرگای بۆ ئەکردەوەو ئەچووە دەرەوە . دوای ئەوە خانم بە بۆڵە بۆڵ ئەچوە ویزەی نەشمیل کە بارەگەیەك جلی شتبوو هەموو گیانی بووبوو بە ئاوو ئارەق ، دەرگاکەی لێ‌ئەکردەوە ئەی‌نارد جلەکانی بێ هەڵئەخست ، یاخود دوای چێشت لێ‌نان حاجەتی پێ‌ئەشت‌و گسکی پێ‌ئەدا . خۆشی یا ئەچووەوە بەر ئاوێنەو دەستی بە خۆیا ئەهێنا یاخود ئەچووە بەر پەنجەرەیەك‌و لەویوە سەیری دەرەوەی

ئەکرد • ئەشیزانی ئەفەندی کەی دێتەوە هەر کە لە دەرگا ئەدرا وەك کنیج ڕانەبەری ئەچوو دەرگاکەی لێ ئەکردەوەو پێشوازیەکی گەرم‌و گوڕی ئەکرد •

## ( ٣ )

نەشمیل زەیستان بوو لە ناو جێگادا کەوتبوو دوای ئەوەی خوا کوڕێکی دابوویە ، بەهیە خان بەزۆور سەری یەوە دانیشتبوو ، دەسەسرێکی بە دەستەوەبوو ئارەقەکەی ئەسڕی ، جگە لەوە هەیبێکی قومانی منالەکە بوو پەڕۆی ئەگۆڕی ، هەیبێکی تری چێشت لێ‌نان‌و هەموو ئەرکێکی تری ماڵی نەشمیل بوو • ئەوەندە بەگوڕ هاتبوە پێشەوە ئەوەی ئەو بۆ ئەو ئافرەتەی ئەکرد ، دایك بۆ کچی خۆی نەئەکرد ، هەرکە بیریشی لە ڕابوردو ئەکردەوە ، مووچڕکێك بە تەوقی سەریا ئەهات دەستی ئەکرد بە پارانەوەو ئەیووت :

ـ خوایە لێم نەگری هەزار گوناهو یەك تۆبە ، خراپەم زۆر لەگەڵ ئەم کچەدا کرد بە ناحەق ، زۆرم بە خۆڕایی چەوسانەوە ، بەلام منیش باوەژن کەمی پێ نەئەکردم بە خوتو خۆڕایی بە جۆرێك لە هەوەڵەوە ئەوەندەی سووك کردم تا لە دوایشا ناوی زڕانەم کەسم پێ‌قایل نەبوو ڕەشید ئەفەندی نەبێ ، کە لە خوا بە زیادبێ ئێستا نەك هەر بە تەنها مێردمە بەڵکو لەجێی هەموو کەسێکمە •

ئنجا کاتی نوێژ ئەهات ئەچووە سەربەرماڵ دەستی ئەکرد بەنوێژ‌کردن‌و نوێژی کۆنیشی بە قەزا ئەکرایەوە ، لە دوایدا هەر لە سەر بەرماڵ سەری هەڵئەبری‌و دەستی ئەکردەوە بە پارانەوە :

ـ خوایە لێت بەزیاد بێت ، منالەکانم بۆ پێ‌بگەیەنی‌و جەرگ سووتاوم نەکەیت ، ئۆباڵی گوناهی من نەخەیتە ئەستۆی ئەوان ، خوایە خراپەم لەگەڵ نەشمیلا بەوە بسڕیتەوە کە داومە بە برای خۆم ، ئەوەتا

ئەوەندە یەکتریان خۆش ئەوی گیانیان بە سەر سەری یەکەوە دەرئەچێت •

ئەسمیل لە ناو جێگادا کە جار جار بە ئاگائەهات‌و گوێی لەم دوعاو نزایە ئەبوو ئەی‌ووت :

ـ دایە گیان ، سەد جار گەردنت خۆش‌و ئازادبێ هەر تەنها شتێک هەیە کە دەمێکە لە دڵما بوو بە گرێ خوزگە بۆت ڕوون ئەکردمەوە •

ئەویش ئەیووت : چی‌یە بە قوربانت‌بم بیڵێ لێی ئەپرسی •

ـ ئەوە بۆچی ئەوسا هەموو جاری دەرگای حەمامت لەسەر دائەخستم‌و حەبست ئەکردم لەکاتێکا کە من لە پەنجەرەی حەمامەکەوە سەیرم ئەکرد بزانم چی ئەکەیت ، ئەوە بۆ سالار ئەهات پێکەوە ئەچوونە ژوورەوەو دەرگاتان لە سەر خۆتان دائەخست‌و لە دوایێدا بە دزیەوە ئەت‌کردە دەرەوە ؟

لە وەڵاما ئەی‌ووت :

ـ کچی‌خۆم سالاری برام کە ئەهات داوای تۆی ئەکرد هەموو جارێکیش دیاریەکی لەگەڵ خۆی بۆ ئەهێنام هەر بۆ ئەوەی باوکت سازکەم‌و بهێڵم تۆی بداتێ ، منیش ئەمزانی حەزتان لە یەك کردوە بەڵام شەیتان چووبووە بن کلێشەمەوەو بووبووم بە دەرکی مەم‌و زین لە بەینتانا ، بۆیە تۆم حەبس ئەکرد کە نەی‌بینی ، حەزیشم نە ئەکرد کەس بزانێ کە سالار بۆ ئەم مەبەسە هاتو چۆمان ئەکات ، هەر بۆ ئەوەی شتەکە سەرنەگرێ لە هەمان کاتا کچی حاجی عەلی دراوسی‌مانم بۆ دۆزیبووەوەو پیشانیشم دابوو ، تەلەفۆنم بۆ ئەکردو بانگم ئەکرد کە لووتی بەو کچەدا بێ‌بژەنم بەڵام خوا هەڵناگرێ هەر ئاوریشی لێ‌نەئەدایەوە • ڕۆڵە چارەتان لە یەك نووسرابوو ئەوەبوو لەدوایێدا خوا ئەو پەڵە هەورەی لە سەر چاو لابردم‌و دنیام لا ڕوون بووەوە ، ئە ئاوا دایك‌و فرزەندی‌مان بەهێزتر بوو •

هەواڵنامەی کتێب

# زاواڕێوی

## ( ١ )

کابرا چمکێکی ئەقیانەکەی لێ ڕاخستبوو بەتەمابوو هەرچی سامانو گەنجی گێتی هەیە هەمووی تیا خڕکاتەوە ، ڕۆژی بەلای کەمەوە ئەبوایە دوو سێ جار چاو بە پشکی زێڕیتی لیرەکانو زیوینی دراوەکانی ڕوون کاتەوە •

هەموو خۆشیەکو ئەوپەری شادمانی ( کوێخا مامەند ) ئەوەبوو کە بەهەر دەستبڕینو فروفێلێک بێت ژمارەی لیرەکانی بگەیەنیتە ( دوو پەنجابی ) • زۆر جار خۆی ئەمەی لای کەلێک کەس باس ئەکرد ، تەنانەت جار جاریش کە هەوەسی بوایەو زیاتر درێژەی بدایە ئەی ووت : •••• ئەوسا بشمرم بەهەشتیم •

خۆ ئەگەر یەکێك لە خزمان یا دانیشتوانی گوندەکە ئەمەیان نەسەلمانایەو بیانویرایە لێی بپرسن : جا بۆچی بەهەشت بە پارەی زۆرەوەیە ؟ مام کوێخا بە تووڕەییەوە وەلامی ئەدانەوە :

– ••• ئەی هەش بەسەرتان ، ئەی خاك بە داوێنتان ئەی گوایە هێشتا ئەمەتان نەزانیوە ؟ هەی بێئەقلینە ئەری وەڵلا پیاوەتی ، بەرزیەتی ، ئابروو ، دڵیخۆشیو لەشی ساغ •••• هەمووی بە پارەوەیە ، دەفەرموو پێم بڵێن کام هەژار بەڕیزە لە ناو خەلکیا ؟ چ دەست کورتێك خەلکیی

ئاووری لێ ئەدەنەوە ؟ کام ئەخۆش چاك بوتەوە بە بێ پارە ، دەپێشم بڵێن چ دەوڵەمەندێك ریزی ناگیری و قسەی بە قسە ناکرێ ؟

ئەمانەی ئەووت ئنجا لە پڕ دەنگی هەڵ ئەبڕی و ئەی ئەپڕاند :

ـ کورە ئەوەی پارەی نەبێ پیاو نی یە بگرە هەر مافی ژیانی نی یە ... ئۆخەی پارە کە خۆشی .... ئۆخەی ... ئۆخەی ... دەك بە قوربانت بم . ئنجا گورج دەستێنی درێژ ئەکرد بۆ لای پشتێنی سەپانەکەی خۆی کە لە بەر دەمیا ئەوەستا کیسە توتنەکەی لێ ئەکردەوە جگەرەیەکی لێ تێ ئەکرد ئنجا رووی ئەکردە یەکێکی تریان تا ئاگری پەیدا ئەکردو جگەرەکەی دائەگیرسان یەك لە سەر یەکیش مژی لێ ئەدا تا ئەوەندەی ئەئەبرد تەواوی ئەکرد ئەوسا ئەی ووت :

ـ گوناهە بیلێ دووکەڵی جگەرە بە خۆڕایی با بیبات ، نابێ بە فیرۆ بروا نا .

دەسا هەر ئەم کوێخا ئامەنەش بوو کە ئەی ووت :

ـ خوا بم کا بە خاوەنی بەنجا لیرە ئیتر بش تۆبم فیروسیا . جا کە ئەمو ئەو ئەمەیان لێ ئەبیست پێیان ئەووت :

ـ باشە مام کوێخا تۆ چ سوودێك لەو لیرانە وەرئەگری لە دوای خۆت ؟

ئەی ووت :

ـ کورینە ڕام سپاردوە ئێوەش بۆ خوا ئاگاداربن هەر چێ یەکم هەیە ئەبێ لە گەڵما بخەنە گۆرەکەوەو لە سەر دڵم دای نێن چونکە ئەوساش هەر فێنکی یە بۆ دڵ .

لە گوندەکەدا تەنها مستەفای ئامۆزای مام کوێخا هەبوو کە شتێکی بۆ مابوەوە لە زەوی و زار ئیتر هەر چیەك هەبوو مام کوێخا بە هەرجۆرێك بێت هەموویانی پیادابوون داگیری کردبوون ، مستەفاش ساڵی ڕابوردوو

هەواڵنامەی کتێب

خوا بردبوویەوە بۆ خۆی لە پڕ ، وە بە چەشنێکی وەها کە خزمان لە مردنی کەوتنە دوو دلی‌یەوە مستەفا دوای خۆی تاتە کچێکی لە پاش بەجێ‌ما جا بۆ ئەوەی ئەو چەند پارچە زەویەو ئەو چەند سەر ولاخەی لە پاشی بەجێ مابوو هەر وا بە بایی هەوا نەڕواو نەبێ بەهی یەکێکی‌تر مام کۆخا کەوتە قوتە قوت بە دەوروپشتی ( ڕەنە )ی ژنی خوا لێ‌خۆشبودا کەس نەیزانی چۆن‌و چ زوو ئیشەکەی سازکردو کارەکەی پێك هێنا ، کاتێك دانیشتوانی گوندەکە بە خۆیان زانی کۆخا خۆی گەیاندە باخلی ( ڕەنە ) هەر لە ماڵی ژنەکە خۆیا واتا بوو بە زاوا ڕێوی[1] .

## ( ٢ )

دوو سێ ساڵێك ڕابورد بە سەر ئەم کەین‌و بەینەدا ، ڕەندان سکی پڕ بوو لە کۆخاو کورێکی بوو ، بەوە ئەوەندەی تر کۆخا چاوو دڵی ڕوون بووەوە ، بەوەی هەر چیەك لە دوای ڕەحمەتی بەجێ ماوەهەندێکی بە هۆی ڕەنە خۆیەوە یەکسەر ، ئەوی تریشی لە ڕێی ئەم کورەوە کە بەش لە خوشکەکەی وەرنەگری ، هەمووی ئەبێ بە هی‌خۆی تەمەنی ( نوح ) یشی بۆخۆی دانابوو واتا وای دانابوو ئەم خۆی دوای ئەو ماڵە بچووکەو دوای ( تەلە )ی برازای‌و دوای ڕەفدان بەڵکو دوای هەموو کەسێك بمری‌و هەرچی هەیەو نی‌یە بۆ خۆی بەجی بمێنێ .

کۆخا کردبووی بە پیشە بەزۆری شەو لای ڕەنە ئەنوست جار جاریش ئەچووەوە ماڵەکەی پێشوی خۆی بۆ لای کۆخا ژن . هەر لەم بەینەشا بوو کە لە تەلە کەوتە ڕرێیانوو هەر ڕۆژە بەهانەیەکی پێ‌ئەگرت‌و گێچەڵێکی بۆ ئەدۆزیەوە چونکە تەنها ئەو لە بەینا ڕێگای گواستنەوەی

---

(١) زاوا ڕێوی بەو کەسە ئەڵێن کە لە جیاتی ئەوەی بووك ببرێتە ماڵی ئەو ، ئەو ئەچێتە سەر ماڵی‌بووك .

هەموو زەوی‌و زارو سامانەکەی مجەی ئاموزای گرتبوو ، ئەگینا ئەم ئیستا ئەوەندە مێشکی خەریك نە ئەبوو . ئەگەر ئەو نەبوایە هەرچی هەیەو نی‌یە مفت هی خۆی بوو .

کوێخا هەر کە نۆرەی ڕەنە ئەبوو ئەهاتە لای جارجار کوڕێکی هەرزەکاری چوار شانەی لە ماڵەکەدا بەدی ئەکرد هەرچەندە کەمێك پێشی تێك ئەچووو هەندی شتی لێك ئەدایەوە بەڵام هەر کە لە ڕەنەی ئەبڕی هۆی هاتوچۆی ئەم هەرزەکارە چی‌یە بۆ ئەم ماڵە . ڕەنە هەر جارە بە جۆرێك باسەکەی کۆن ئەکردو پێچێکی بە سەر قسەکەدا ئەهێنا ، تاکو کوێخا کەوتە دوو دڵی‌و ووردکردنەوەو لێکدانەوە هەر بەو بڕواو بیرەی خۆی ، ئەیووت :

بێ‌گومان ئەم کوڕە چوار شانە لوزنگەرە لەگەڵ تەلەدا ڕێك کەوتوە، بەم هاتوچو گەرمانەش بێ‌گومان دەستیان تێکەڵاو کردوە ، ئەمەش ئەوپەڕی سووکی‌یە بۆ خۆم‌و هۆزم ، کەوابوو تازوو ئەمانە لە ناو بەرم درەنگە . لەم بارە زیاتر بەهیچ جۆرێکی تر مەسەلەکەی وورد نەئەکردەوە تا ڕۆژێك لە ڕۆژان لە چێشتەنگاوا لەوکاتەدا کە ئاژاڵ لە لەوەڕ دێنەوە بۆ ناو دێ ، لەوکاتەدا کە هەر بزن بوو ئەی‌باڕان بە دوای کارەکەیا ، وە هەر بەرخۆڵە بوو هاواری بوو بە دوای دایکیان ، بوو بوو بە هاتو هاوارێك ئەو سەری دیار نەبێ .

ئالەم ڕۆژەدا بوو کە کوێخا مامەند بە دەمانچەی ڕووتەوە بە هەڵەداوان بە ڕەنگێکی بزڕکاوو لێوێکی لەرزۆکەوە خۆی‌کرد بە مزگەوتا ، لەو عەشامانەی لەوی بوون چەند کەسێکی لە خۆی گردکردەوەو ووتی :

ـ خەڵکینە بۆ خوا بەشایەد بن ، ئابروو شتێکی زۆر بە نرخ‌و گرانە ئەگەر هاتوو کەسێك پەندو بەدناویەکی سووکی دواکەوت یا

لەکەیەکی گرت پێویستە ئەو کەسە ئەگەر تۆزێك شەرمو دەماری پیاوەتی بێ ئەبێ گورج ئەو پەلەیە لـە ناوچەوانی خۆی بسڕێتـەوەو بە ئاگرو قورقوشم بیسوتێنێو لە ناوی بەرێ ، ئەمە پیشەی باوو باپیرمانەو فەرمانی ئەوانە کە تا ئێستا پەیرەوی‌ی کراوە منیش لە هـەموان زیاتر بەتەنگەوە بووم ، ئیتر بە کورتی :

– چەند ڕۆژێکە ( هەسەنی ڕەسول میراو ) ئەبینم .

هاتو چۆی ماڵی ڕەنەی خێزانم ئـەکات ، جارێكودووانو سـیان هەرچەند ئەم‌کرد بە ماڵا ئەم‌دی بە تەنشتما گورج لاتریسکەی ئەبەستو دەرئەپەڕی‌و ئەچووە دەرەوە ، هەرچەند خۆمم لێ گرژ ئەکردو ڕووم تاڵ ئەکرد سوودێکی نەبوو ، گومانم نەما کە ئەم هەتیوە لەگەڵ تەڵـەی مستۆی ئاموزاما ڕێك‌کەوتوەو دووریش نی‌یە کە دەستیان تێکەلاو کردبێ ، بۆیە منیش ئەمرو لە ماڵەوە خۆم گرت تا هەسەن هاتو بە دزیەوە بـە بێ جرپە خۆی‌کرد بە ژوورە تاریکەکەی سەر داڵانەکەداو لـەو دیوەوە دەرگای خر داخست . منیش دنیام لە بەر چاو تاریك بوو خوێن هوروژمی هێنا بۆ سـەروچاوم ، خوتان ئەزانن ئابروو بێ نرخەو هەروا بە ئاسانی ناشێلری جووم هەسەنو ئەو گۆڕ بە گۆڕەم هەردووك وەك سەگ تۆپان ، دەبچن ئەوە خوێنانو ئەوە تەرمی مردووەکانتـان ڕایان‌کێشنە دەرەوەو گلاوی‌ی ماڵەکە دەرکەن . ئەمەی ووتو هاتە ئەملاوە ، لە دڵی خۆشیا گورج بڕیاری‌دا کەوا مەسەلەکە ئابرووە نە میری‌و نە دادگا کەس لێ‌ی نایێنجێتەوە بگرە هەر لێشی نایرسنەوە ، ئنجا جووە ئەولاترەوە هەرکـە ڕوانی کەس لە نزیکی نەماوە بزەیەك گرتی لە خۆشیاو دەستێکی بە سمێڵە دوو فلیجقانەکەیا هێنا .. وە لەبەرخۆیەوە ووتی :

– لێدە مامەندە بۆز لێدە ، یاخوا عافیـەتت بێ ، هەر بۆ تۆ باشـە زەوی‌و زاری مستۆو ماڵی مستۆ ... هەر بۆ تۆ باشە پارەو تۆ ئەزانی

سوودی لێوەرگری‌و نەیەلی بای سەرزەمینی لێدا ، خوا بکا تا هاوینی ئاینده بیست لیرەیەکم لێ‌دەست ئەکەوی • هەروا لە سەری ئەرۆیشت‌و بە خۆی ئەووت :

ـ دەسا لیرەکانت خەریکن زۆربین ، ئیتر چیت ئەوی مامەند ؟ چیم ئەوی ؟ ئەلێم خۆزگە ئەبوون بە سێ پەنجایی ئیتر گۆر بەگۆریش‌بم ( قوته ) خۆش •

ئیتر هەریەم جۆرە ووڕێنەی ئەکرد لەبەر خۆیەوە ئەیووت :

ـ ئۆخەی پارە هەر تۆی ڕووناکی چاوو هێزی ئەژنۆو فێنکی دڵ ••• ئۆخەی پارە گیان ••• ئۆخەی •

کابرا لەم تاسە خۆشانەدابوو کە خەلکەکە بە هەلە داوان هاتنەوەو خۆیان‌کرد بە مزگەوتا ڕوویان‌کردە کوێخاو ووتیان :

ـ دەك خوا بتگرێ تۆ ئەوە چیت کردوە ، ئەو قسانەی لای تیمەکردت جەندی بە چەندە لەگەڵ کردەوەتا ••• تۆ فرمێسکی خوێنت بۆ ئابرووی براوی خۆت ئەرشت ئەی ووت حەسەن‌و تەلەم بەسەر یەکەوە گرتووەو هەردووکیانم کوشتوە کەچی ئەوەتا ( ڕەنە )و حەسەن لەوێ لە خوێنی خۆیانا ئەگەوزین‌و تەلە شین‌و واوەیلایەتی بە دیار دایکی‌یەوە •

( ٣ )

چاو لە دوبی وگیری بەرچاوی مام کوێخا گرتبو هەر بۆ ئەوەی تەلەی بەستەزمانی بە ئابروو لە ناوبەری تاکو هێنجگاری دەست بگری بە بەشەکانیا لە ماڵ‌و زەوی‌و زار هەرگیز بیری لە دەست‌کەوتی خۆی ئەبێ هۆنی بەلای هێنجی ترا نە ئەجوو بۆیە هەر بە خەیاڵ دانابوو کە حەسەن خۆش خۆش هاتوچۆی ماڵی ڕەنەی ژنی ئەکات لە بەر تەلەی ژڕ کچی

ئەبێ هیچی‌تر نی‌یە ، ئنجا ووتی دەنگ‌مەکە ئەمە هەلە بۆ لە ناوبردنی تەلە ، دەسا کاتێك بە خۆی زانی لە بەندیخانەیان توند کردو هەر لە وێ بۆی دەرکەوت کە هەسەن بۆ خزمەت تەلە نەئەهات بەڵکو یەکێك بوو لە دڕندەکانی بەردەستی کوێخا ژنە ڕەنە کە هەزار ئاڵو گۆڕو ئەحمەدو مەحموودی بۆ ئەکرد لە چەرچیەتی‌و کڕین‌و فرۆشتن‌و سەواو مامەلە تا ئەگاتە دزی‌و ماڵی ئەمو ئەو خواردن‌و خەڵك رووت کردنەوەو بگرە کوشتنیش • چونکە کوێخا ژن لە کوێخا مامەند پارە پیس‌ترو بەرچاو تەنگگ‌تر دەرچوو ، تومەز لە کاتی لێك‌دانەوەو حسابا کە ڕەفە هەمیشە بەبێ دەنگ لە شوێنی دوورو بێ‌جربەدا لەگەڵ جامبازەکانیا ئەیکرد کە هەسەن یەکێك بوو لەوانە ، مام کوێخا لوولەی دەمانچەی بە هەموو خۆشی‌و شادی‌یەکەوە تێ‌کردن‌و چەند تەقەیەکی لە تاریکیا کرد کەوا تووکی نابرووی پێ‌شواتەوە بە سەرزاری ، بەڵام لە ڕاستیا بۆ ئەوەبوو جنگێکی‌-کەش لێرە بخاتە سەر لیرەکانی‌تری ، کەچی بوو بە تەلەوە •

کەوالنامەی کتێب

# ئیواره وەختەجرپن بە جەختە

ماڵەکەی باجی فەرەنگیز لە ماڵ نەبێ لە هەموو شتێکی کەی ئەکرد ، هەر وەك چێشتی دەرۆزەکەر هەمیشە تێکەڵاوو بە سەر یەکا دابێژرابوو ، مەنجەڵو قاپ هەروا بە جەوریەکەوە لەوناوەدا فرێ ئەدران ، قوریەکەی سەرلەبەیانی چاکەی تیا لێنرابوو لەگەڵ پیالەکانا کە چاکەیان پێ خوار- بوونەوە هەموو بە ملیەکا ئەکەوتن کە ڕوویان هەڵهێنایە دەستیان لێ نەئەدرا ، خۆ پەڕۆی میزاوی بەرو بێشکەی منالەکەیو کراسو دەرپێی سەختیانی پیاوەکەیو منالەکانی تری وەك خەرمان بەسەریەکا کەلەکە ئەبوون ، پووزە فەرەنگیز هەرمیشێ میوان ئەبوو .

کاخولی پیاوێکی بە دەستو بازو پەیاکوندە بوو هەر بەیانی زوو هەڵئەسا خۆی چایەکەی لێ ئەنا لەگەڵ پارووێك نانا بە پەلە پەل ئەی خواردەوەو گورج وەك تیسکەی تفەنگ تێی ئەتەقاند بۆ سەر کاروێشی خۆی لە ناو بازارا ، خوا هەڵناگری نانێکی بوختی پەیدا ئەکرد ئەگەر خانمی ماڵەکەی دەست ڕەنگینو بە ویل بوایە لە سەریان ئەهات لە پێیان دەرنەچوو بەڵام ئەڵێی جی ، مشك تەراتێنی بکردایە لە ناو کوپەلەی ڕوونەکەیاناو ئەسپی بیدایە فەردە برنجەکەیانو مێروولە کاروانی لە گەنمی ئازووقەی ساڵانەیان بکردایە ، خوشکە فەرەنگیز ئیوارەو ئیوارە نەبوایە نەئەکەوتە خۆیو نە ئەچوو بەلای هیچا ،

ئێوارانیش ئەمەی ئەکردو چاکی لێ ئەکرد بەلاداو کەواکەی لە پشتەوە لێ گرمولە ئەکرد بە زرنگ‌و هۆری ریزەبازن‌و هەیتو هووتی سمڵ‌و مێخەك بەنگی ملی هەر بۆ ئەوەبوو کەوا لە مێردەکەی بگەیەنێ کە ئێواران لە کاسبی ئەهاتەوە کەوا هەمیشە ئەمە پیشەیەتی‌و نازانێ سرەوتن بەری بەکووەیە • ئەی ئەوە نی‌یە ئێواران ئەلێی پەروانەیە دیت‌و ئەچێ ، تەقەی دێ‌و دەنگی دێ ، ئەمەر ئەکاو ئەوسەر ئەکا هیچیش بە هیچ ناکات • چونکە خوا پێیان ڕەوابینی ماڵێکی سیخناخ‌و ئاخنراو وەك بوخچەی بووك‌و چوار پێنج ڕەشەخێزان جگە لە هاتو چۆکەران‌و مێوان ، جا ئەگەر ئێنی ماڵێکی ئاوەها لە کاتی خۆیا نەکری ئەم ئێوارە بۆ ئەو ئێوارە ئەبێت چۆن کاروبار ئەرواو ڕێك ئەکەوی ؟ بە تایبەتی کە خانمیش ئەیەلێ کەس سەرە گوریسێکی لەگەڵ ڕاست کاتەوە هەر بۆ ئەوەی خۆی بە ئافرەتێکی لێ هاتوی وەها بداتە قەڵەم کە بە جارێ چاکی کرد بەلادا سەد سوار بە خواردنی خۆیان‌و ئالیکی وولاخەکانیانەوە ڕایی ئەکات •

بەڕۆژ باجی فەرەنگیز وەك مانگای جلێس خۆی ئەکرد بەو ماڵە دراوسی‌یانەدا سەری مەنجەڵی ئەم ماڵەی هەڵ ئەدایەوەو خۆی‌ی چێشتی بۆ ئەو ماڵەکەی تریان ئەچێشت هەر هیچ نەبوایە لە بەر قاپەکەی خۆیان لێ‌ی دائەنیشت هەردوو لنگی لێ ڕائەکیشاو لەنگەریەك قاووتی لە تەنشت خۆیەوە دائەناو خێرا خێرا کەپ لەمەی ئەکردو ئەیخوارد • منالیش باهەر بۆیان دارو بەردی ماڵەکە بە سەر یەکا بێننە خوارەوە ئەم چ باکیەتی • چونکە لای وابوو کە ئێوارەو ئێوارە ئەو جرت‌و فرتەی کە ئەی کرد ئیتر بەوە هیچ ناهێلێتەوە •

کاخولی بێچارەش هەر چەند لەگەڵیا ئەووت‌و ئامۆژگاری‌و سەرزەنشتی ئەکرد بێ‌سوود بوو ، تا ڕۆژێك لە ڕۆژان هەمیسان دەمەو ئێوارە نزیك هاتەوەی کاخولی دادە فەرەنگیز وەك جاران دەستی کردەوە

بەجرت‌و فرتی چێشت لێ‌نان‌و خوان ڕازاندنەوە دارەکەی تەڕ بوو کە چێشتی پێ‌لێ‌ئەنا هەر چەندی ئەکرد ئاگری نە ئەگرت‌ئەویش چوو تەنەکە نەوتەکەی هێنا لە دوورەوەو هەر بە جرینیەتی نیوەی زیاتر قلپان بە سەر داراو شخارتەی پێوەنا تومەز داوێنی کراسەکەشی لە ژێرەوە نەوتاوی بوە ئەویش گرتی لەگەڵ دارا خێرا تەیسەوە بە هەموو ئازایا تا فریای۔ کەوتن‌و دەرو دراوسێی پێوە هات‌و کوژاندیانەوە دەست‌و قاچێکی نایە بانی •

خوا هەڵناگری کاخولی مێردیشی سەرە ڕای‌ئەو هەموو خەم‌و خەفەتەی بەدەستی‌یەوە ئەی‌خوارد لە سەر هەمەشەیی‌و جرینیەکەی ، بەڵام خزمەتێکی جوانی ئەکردو پارەی بانی تیا خەرج‌ئەکرد ، ئەوە بوو ئێستاو ئەوساش لە داخا ژنی نەهێنایەوە بەڵام بەرەکەت‌دا کچێکی گەورەی بوو ئەوی خستە سەر ماڵەکەو کردی بە باوان ، کچەکە کچێك بوو نە لە هەلسان‌و دانیشتندا نە لە خوو ڕەوشتدا وینەی نەبوو ، ئافرەتێکی لێهاتووی لە سەر خۆی لەش سووکی ئازا ، باری ژیانی ئەو خێزانەی بە تەواوەتی گۆڕی ، ماڵەکە هەر لە دوورەوە ڕێك‌و پێکی‌و پاك‌و تەمیزی‌و کارگوزاری تیا دیار بوو ئیتر نانی مارو مێرو مشك‌و پشیلە بڕا دەرگای توورەکەو سەری کوپەڵە ڕون قایم کرا ، هەر شتە لە شوێنی خۆی داندراو هەر ئیشە لە کاتی‌خۆیا ئەکرا • تومەز ئەم کچەش لە ژنەپێشوەکەی کاخولی بوو کە دایکی مردبوو دابووی بە دایەن‌و لە ترسی چەپۆکی فەرەنگیز دووری خستبوەوە بەڵام ئەم تا توانی خزمەتی باجیی خۆی کرد تا دوا ڕۆژی ژیانی جگە لەوەی منداڵەکانیشی وەك گوڵ ڕاگرت •

# گەرمیان و کوێستان

## ( ١ )

عێل بەرەو زوور بووبوەوە بەرەو کوێستان ئەچوو ، وولاخ و ڕەشە وولاخ لە بارگیرو هێرو یابوو گاو مانگا هەندێکیان زەنگولە بەملەوە ، ئەوانی‌تریش سەر کەللەی جۆراوی ئاڵ و واڵاو گوڵنگەدار بە سەرەوە بارکرابوون لە هەیتو هوتی کۆچەرایەتی ، مەرو ماڵاتیش لە دواوە ، بەرەو زوور ئەبوونەوە بەو دۆڵەدا کە هاژە هاژی تافگەی ڕوون و قاسپە قاسپی کەو بەو قەد کۆهسارانەوە کە ئەیان خوێند لەگەڵ زرنگەی زەنگولەی وولاخ و بۆڕەی گاو مانگاو باعە باعی مەرو ماڵات و هەچەو ووحەی خاوەنەکانیانا تێکەلاوی یەك ئەبوون دیمەنێکی هێجگار شیرین و دڵفرێنی جوانی هێنابووە کایەوە .

( نازە ) ڕەشمەی وولاخێکی بە دەستەوەبوو ، منالێکی قوچکە بە سەری ترنجابووە کولوانەکەی پشتی و قایمی کردبوو کە بەحاڵ تەنها سەری بەدەرەوە بوو ، وولاخەکەش شەلتەیەکی پێوە بوو هەرتایەکی منالێکی تیا دامەزرابوو کە هەردووکیان لە زەرنەقوتە ئەچوون لە هێلانەدا لەگەڵ سەرکەوتنی وولاخەکەدا بە پێشا ئەچوون و بە پاشا ئەهاتن دایکیشیان جگە لەوانە تەشیەکی بە دەستیەوە لەگەڵ گولولەیەك مووی مەرەز بە دەم ڕۆیشتنەوە خەریکی ڕستنی بوو ، بەلام نازە چ نازەیەك ، تا دەست

هەڵبری کەڵەگـەت ، ئافرەتێکی سوورو سپی چاو مەست ، ئەو شەددە لارەی بەسەری‌یەوەو ئەو ملوانەکە مێخەك بەندو سملّەی لە ملیا بوو هەر لە خۆی ئەهات خۆ گەرمیان‌و کوێستان‌و هاتو چۆی بە پێ‌و ئەرکی‌تری ئەم جۆرە ژیانەو هەوای پاکی ئەو چیاو چەم‌و دۆڵی کوێستانە ئەوەندەی تری ڕازاندبووەوە ، پیاو هەر نەی ئەتوانی چاوی لێ‌بتروو کێنێ •

( ٢ )

لە وەڕی ئەو کوێستانە لـە گژو گیای سەوزو کەماو بەرەزا بـە خۆیانا هاتبوون ، بە هەرلایەکا ئەچوویت بەهار بوو ، ئەو هـەوا پاك‌و بێ‌گەردەش وای لـە ئاژاڵ‌کردبوو کەیبـانووی ماڵ فریای دۆشـین‌یان نەئەکەوت ئەوەندە شیریان ئـەدا ، بۆیە خاوەنەکانیان تـا هێزە بیگرتایە ڕۆنیان تیـا هەڵئەگرت ، ئـەوی ئەماشەوە جار جار پیاوەکانیـان بەودیوا ئەچوون لەوناوەدا بە نرخێکی باش ساغیان ئەکردەوە لەو سەریشەوە بە دەستی بە تاڵ نەئەگەڕانەوە ، هەر بەو پارەیە شتی نایابیان ئەکری کـە ئەگەڕانەوە بەم دیوا ئەوانیشیان بە قازانجێکی تر ئەفرۆشتەوە • فەتەی مێردی نازەش یەکێك بوو لەو زەلاّمانەی کە چووبوون بۆ ئەم مامەلەو دنیاریە ، بەلام فەتە بـە هۆی هەندێ ڕاسپاردەی نازەی ژنی‌و ووردە ئیشی‌ترەوە لە گەڕانـەوەدا هەرچـەند پەلـەی‌کرد فریای هاوڕێکانی هەرنەکەوت بۆیە بەجێ‌ما لێ‌یان‌و دواکەوت کە ئەم دوا کەوتنەشی دوو سێ‌ڕۆژێکی خایان لە کاتێکدا کە لەولاش عێڵ جاڕ درابوو بۆ بارکردن بگرە دووڕۆژیش نەبووکە هەموو جوولابوون • نازەش هەر بە هیوای گەڕانەوەی فەتەی مێردی خۆی ڕاگرت‌و لەگەڵ عێڵ‌دا باری نەکردو هـەر لـە شوێنەکـەی خۆی مایـەوە بـەلاّم لـە هـەمان کاتا دڵیشی هەر لە مستیابوو تاکو شەویشی بە سەراهات فەتە هەر نەگەڕایەوە ، بۆیە ناچار چوو ئەو تەیمان‌و چیغەی دابونی لە دەوری ڕەشمالەکەی هەموویانی

ئەوەندەی‌تر قایم کردن‌و هەر سەر لە ئێوارەش سەرو پێچکەکانی کردنە خەوو خۆی دانیشت ئێشکی‌گرت ، جار جار وەنەوزێکی ئەدا بەڵام لـە بڕ دائەچڵەکی هەڵئەستا ئەچوو چێنێك بە دەوری دەوارەکەدا ئەگەڕا ئەهاتەوە خۆی ئەکردەوە بەزوورا دەرگای قایم ئەکردەوەو دائەنیشتەوە، ئەوە بوو لە دانیشتنی جارێك‌یانا چاوی چووبوەوە خەو هەر کە لە پڕ لە خشەیەك ڕاپەڕی گورج هەستایە سەر پێ‌و بە بێ دەنگ سەیرێکی ئـەو دیوی‌کرد لە تریکەوە تارماییەکی بەدی‌کرد کە بە ڕاستی دڵی داخورپان، کە تەواو وورد بووەوە سـەیری‌کرد زەلامێکە ووردە ووردە دێتـە پێشەوەو وەك یەکێکی شارەزا ئەیەوی خۆی بکات بە زوورا .

شەو تاریکە چاو چاو نابینێ ، نمـە نمەش باران ئەبارێ سەرمای کوێستان پیاو ڕەق ئەکاتەوە، نازە هەر بەو چاوە خەوالوەوە هیچی بـە دەستەوە نەهات تەشووی‌یەك نەبێت کە بۆ سنگ داکوتان بەکاریان ئەهێنا کە لەو ناوەدابوو هەلی گرت‌و وەك پڵنگ بەڵام بێ‌دەنگ چووە دەرەوە پشتی لە زەلام گرت‌و هەر بەو بڕوایەی ئەمە پیاو خراپێکە هاتووتە سەری ئەمیش بێ‌خشپە لێی‌چووە پێشەوە لە بڕ دەستی هەڵهێنایەوە بۆ تەوقی سەری بەڵام لەگەڵ داهێنانەوەیدا ویستی دەستی بپارێزی بۆی نەکراو خواوڕاستان دای لە شانێکی .

## ( ٣ )

فەتەی مێردی نازە لە گەڕانەوەیا لە ڕێ پیاوی میری‌ی گرتبوویان‌و بەوە گوناهباریان کردبوو کە گوایە ئەو ماڵەی بێ‌یەنی هی دزیەتی‌یە بە تایبەتیش لەو چەند ڕۆژانەدا لەوناوەدا چەند ماڵ‌و هەوارێك بڕابوون . لە سەر ئەوە فەتەیان گرت‌و پێش خۆیان‌دا ، ئەم دێ‌یەو ئەو دێ ، بەڵام لە ڕێگا فەتەش نەیکردە نامەردی ، هەر کە ئەوان خەریکی چاپ‌و گوپی خۆیان بوون ، ئەمیش بە هەلی زانی لـە بڕ بێ‌ی‌پاهیناو بۆی دەرچوو ،

کاتێك پێیان زانی ئەو تێی تەقاندبوو ، دەستیان کرد بە گوللە باران و دەست ڕێژ لێی ، ئەو خۆی کوتابووە ئەو شیوو هەردەی بەردەمی و ڕای ئەکرد ، بەڵام چۆن ڕاکردنێك کەس هەر بە تۆزی پشتیا نە ئەگەیشت ، تا لە مەترسی ڕزگاری بوو ئەوسا پشوویەکی دا ، دانیشت لە کۆ کانیەك شلپێ ئاوی بە دەم و چاوی یەوەداو جگەرەیەکی کێشا ، کاتیش خۆراوا بوون بەرەو تاریکی ئەڕۆیی ، هەر چەند تەواو ماندووش بوو سەرەڕای برسیەتی بەڵام گوێی نە دایە ملی ڕێگای گرت بەرەو هەوارگەکەیان ، کاتێك گەیشتەوە ئەوی سەیری کرد عێل لە شوێنی خۆیان هەلکەنراون .

( ٤ )

یاساولەکان هەر وازیان نەهێنا دوای فەتە کەوتن تاکو بۆ ڕۆژی دوایی سەر لە بەیانی گەیشتنە هەوارگەیەك کە تەنها دەوارێکی تیا بوو ، سەیریان کرد نەخۆشێکی تیا کەوتووە و ژنێك بە دەورو پشتیا دێ و خزمەتی ئەکا ، ملیان نا بەرەو دەوار بەڵام ژنە کە ئەوانەی دی لە دوورەوە گورج لێفەکەی دابەسەر نەخۆشەکەداو سەری داپۆشی ، هەر کە زەلامەکان گەیشتنە پێشەوەو سڵاویان لە ژنە کرد دوای ئەوە گورج پرسیاری پیاوێکیان لێ کرد ، لەم حاڵەو لەم ڕەنگە ، ژنەش وەڵامی دانەوە کە کەسی وای نەدیوە تاکو خۆی تووشی چەرمەسەری نەکات ، کە لێشیان پرسی ئەی ئەوە کێیە لەو ژێر لێفەیەدا ، ووتی ئەوە دایکمە دوور لە ڕووتان سینەڕۆیەتی گەرم دامپۆشیوە تاکو ئارەق بکاتەوەو نەختێك لەشی سووك بێت ، بەوە بڕوایان کرد بەڵام نەڕۆیشتن تا هێلکەو ڕۆنێکی

نێرگزیان بە ژنەکردو کترێەك چاپان کرد بە سەریا ئنجا ماڵ ئاواییان کرد • هەر دوای ئەوەی ئەوان لە چاو وون بوون ، ژنەش برینداره‌کەی هەلسان ئەستونی دەواری ترازانو بە تەنها باڵە هەرچیەکیان هەبوو باری کردو هەر وەك ئەوسا منالێکی خستەوە کۆلوانەکەی کۆلیو دوو منالەکەی تریش بۆ ناو شەلتەکەو مێردەکەشی توند شەتەكدا بە سەر وولاخێکی تراو لێی خوری کە بگاتەوە بەعێلا •



هەواڵنامەی کتێب

## ( فس فس پاڵەوان )

هاوڕێ کەم هەر نەی بڕیەوە ... تا لە دوایا ووتی : کابرا بە هەموو ئەقڵیکیەوە خۆی بە هەڵبژێراو ئەزانی لە سەر ڕووی ئەم زەمینە کە خوا ناردوویە بۆ ڕوون کردنەوەی بیرو باوەڕی ئادەمیزادو دەست گرتن یان تا ئەیان خاتە سەر ڕێ ی ڕاست ، تا دەست هەڵبری نیشمانو کەلەگەت ، ئەختیکیش بە خۆوە بوو ، بۆیە هەرچەند لە باڵای وورد ئەبووەوەو سەیری مەچەکو بازوو قەلافەتی خۆی ئەکرد ئەوەندەی تر لە خۆی بایی ئەبوو ، دوا بڕوای ئەوەبوو کە هیچ گومانی تیا نی یە ڕوژێك ئەبێ گشت لایەك بڕوای پێ ئەکەنو کەلێنیکی تەواو لە دڵی هەموانا داگیر ئەکات ... چونکە ڕاستی ی ، پیاوەتی ، ئازایی ، لە خۆبووردنو خۆ بەخت کردن ئەمانە هەموو ڕۆژێك ئەبێ هەر دەرئەکەوتو لە ناو هەوری تاریکا سەر ئەهێنەدەرو دەشتو کێو بە جارێك ڕووناك ئەکەنەوە .

دوای پشوویەك ووتی یەوە :

کاکە ئەحمەد لە تەمەنا پەنجا ساڵ بەرەوژوورتر بوو کەچی هەر کە لێ یان بپرسیایە تەمەنت چەندە ؟ لە وەڵاما بت کوشتایەو پەل پەلت بکردایە هەرگیز لە سنووری سێ ساڵ ڕۆژێك نە ئەچوو بەو دیوا ، جا

هەواڵنامەی کتێب

بۆ ئەوەی خەڵکیش ئەم قسەیەی بسەلمێنن‌و بڕوای پێ‌بکەن پەیتا پەیتا سەرو سمێڵی بۆیە ئەکرد ، هەمو ڕۆژێکیش پاك پاك ڕیشی ئەتاشی‌و لووسی ئەکرد بە جۆرێك شوێنەکەی هەمیشە بریقەی ئەهات هەر بۆ ئەوەی تووکە سپیەکان دەرنەکەون‌و بە دروێنەکەویتەوە . خۆ لەگەڵ (هەمین) یا خود (هەمە)ی ژنیشیا بە دەستیەکەوە گیریان خواردەبوو ، ڕۆژنەبوو نەبێ بە بەربەرەکانی‌و حەنە حەپە شی‌یان لە سەر باسی تەمەن ، ئەم ئەیووت : تۆ لە تەمەنی دایکمایت‌و ئەو ئەیووت : تۆلە بیرت دێ کە من بە چ ڕۆژێك لە دایك بووم ، ئەیان‌گەیاندە ئەوەی کە لە یەك بەربن ، مامە ئەحمەد گورج لە دڵا بە خۆی ئەووت : یاران زۆر شوورەیی‌یە بۆ من پێ‌ی نەفامی وا بدەم ئەم جەندو چۆنەم لەگەڵ بکات ، بگرە داوەشێنیشە ، کەوابوو لە سەرمن پێویستە لێ‌بووردن‌و چاوپۆشین هیجگار بەرامبەر بەم جۆرە کەسانە .

ئنجا برادەرکەم جگەرەیەکی لێ‌دەرهێناو نای بەدەمیەوە ، منیش دەنکە شخارتەیەکم بۆ لێداو بۆم داگیرساند دوای ئەوەی مژێکی پڕ بە دەمی لێداو دووکەڵەکەی بەبادایەوە ، ئەوسا تێ‌هەڵچووەوە سەرلەنۆ ووتی :

ئەگەر بڵێ‌ی کاك ئەحمەد پیاوێکی زۆر ساویلکەو ساکاریش بوو ، چونکە هەرچیەکی بووتایەو بکردایە بە بڕوایەکی پاك‌و هەستێکی بێ‌گەردەوە بوو ، بێ‌ئەوەی تۆزێك بیری خراپەو چاولەدوویی یاخود داوێن پیسی تێکەڵاو بێت ، خۆ تەماع‌کاری‌و چاو بڕینە ماڵی خەڵکیشی هەر بەجارێ لە لاکفر بوو ، ئەو لە سەر ئەو بڕوایە بوو کە پیاو ئەبێ بەشان‌و باهوی خۆی نان پەیداکات ، ئەویش بە حەڵاڵی‌و لە جێدا نەك بە قاچ‌و قوچ‌و دەست‌بڕینی خەڵکی‌ی .

جا بەوەی باش بوو لە سایەی خواوە ماڵ‌و حاڵێکی تەواو باشی هەبوو ، واتا ئەوەی هەیبوو لە سەری ئەهات‌و لە پێ‌ی دەرئەچوو ، بگرە زۆریشی

زیاد بوو لە خۆی‌و لە ماڵی ، چونکە بە ڕاستی ئیشی ئەکردوو هـەوڵی ئەداو نەئەسرەوت جگە لەوەی ملك‌و ماڵ‌و زەوی‌و زارێکی باشیشی بۆ بەجێ مابوو ، دەسا خواش هەڵناگری دڵیشی ئەوەندە باش بوو دەستی جوامێری‌ی هەمیشـە کرابوەوە ، وەك بارانی بەهار پیاوەتی لێ‌ئەباری ، هەزارێکی بدیایە بەبێ دەنگ‌و بێ ئەوەی کەس پێ‌ی‌بزانێ ئەیبردەوە ماڵەوە تێری ئەکرد بەڵام لـە هەمان‌کاتا ڕێ‌ی وورگ لەوەرانیشی نـە ئەدا ، ئەیووت وەرە ئیش بکە ، هەر هیچی بۆ نەکرایە پارچەیەك زەوی خۆی ئەدایە ئەیووت بڕۆ کەسابەتی لە سەر بکە •

ئەم قسانەی برادەرەکەم ناوڕشینی دڵیان ئەکردم بەڵام شتێك بووبوو بەگرێ لە دڵما ئەویش ئەوەبوو ، بۆچی ناویان نابوو فس فس پاڵەوان ، کە ئەمەم لێ‌پرسی ووتی : ئەگـەر پەلـەت نەکردایە خۆم لە دوایـدا ئەوەشم بۆ ڕوون ئەکردیتەوە ، چونکە ئەم باسە دوورو درێژە ، بەڵام من بوختەکەیت بۆ ئەگێرمەوە : بەڕاستی مام ئەحمەد لە زوربەی هەڵسان‌و دانیشتن‌و کردەو کۆششیا پاڵەوانێك بوو بۆ خۆی بگرە قارەمانێك بوو لە ئازایی‌و سوار چاکی‌و چەك‌بازیا ، بەڵام بە داخەوە ئەڵێم چونکە پیاوێکی ساکارو ساویلکەو دڵپاك بوو زۆر جار بە خۆرایی خۆی ئەدا بە ترِاندن‌و فەلاقەکردن چونکە لە خۆیەوە لە شتی‌وا هەڵ‌ئەچوو کە هیچ پەیوەندی-یەکی دوورو نزیکی بەوەوە نەبوو ، لە کاتێکدا کە جار جاریش بیری وا جوان‌و ڕێك‌و پێکی دەرئەبڕی بە جۆرێك واقی زۆر کەسی ووڕ ئەکرد کەچی هەندێ جاریش قسەیەکی ئەوەندە بێ‌تامی بەبەرا ئەهێنا کە بناغەی هەموو قسـە جوانەکانی پێشووی ئەتلیسـانەوەو خـەڵکی‌ی لـە خۆی تەرە ئەکرد •

قسەکانی ئەم برادەرەم زۆر لاسەیر بوو ، چونکە فس فس پاڵەوان بە جۆرێك سەرنجی ڕاکێشا بووم ئەو جگەرەیەی بە دەستمەوە بوو ئاگری

ئاغزەکەی تینی بە پەنجەم گەیاند ئەوسا ئاگاداربوومەوە ، ئەویش بەوە زیاتر تاوی ئەدایە خۆیو دەستی پێئەکردەوە :

ـ خۆ خەلکەکەش مام ئەحمەدیان بە وەلی دائەنا یا خود بە یەکێك لەوانەی بەرماڵیان بە سەرئاوەوە ئەگەڕێ ، چونکە مرۆیەکی ئەوەندە لە پیناوی موسوڵمانانا لێبوردوبوو ، ئەمەیان زۆر جار لە کۆبوونەوەکانیانا باسئەکرد ، هەر کە ئەم باسانەش بەرگوێ مام ئەحمەد ئەکەوتنەوە ئەوەندەیتر با ئەچووە پشکلاتیەوە ، بەوە بابی ئەبوو فیزێکی پەیدا ئەکرد ، بەڵام چەند کەسێکی ئەیتانو زۆرزان هەبوون کە لە کاك ئەحمەد باش گەیشتبوون ، بە جۆرێك چووبوونە ‌وخیەوەو ئەوەندە شارەزای بووبوون ، بۆیە ئەوانیش جار جار هەڵیان ئەداو سابونیان لەبەری پێی ئەدا ، بەوە کابرایان هەڵئەخلیسکان جاری وا هەبوو ئەوەندەی نەئەما ملی لەحەوت شوێن بشکێنن ، بەڵام خوا ئەیپاراست • جا با بۆ نموونەش یەکێك لە سەدەها بەسەرهاتی کاك ئەحمەدت بۆ بگێرمەوە بۆ ئەوەی بزانی ساویلکەییو دڵپاکی ئەم پیاوە گەیشتبووە چ ڕادەیەك • ووتم فەرمو ووتی : ڕۆژێك ئەسپی داروغەیەك بەر بۆوبوو ، پیرە ئەسپ چونکە ئەوەندە کاو جۆی بەلاشی ئەمو ئەوی خواردبوو غوبابم بووبوو بە هەر جواریەل سەمای ئەکرد ، ڕەشمەو زنجیری پچڕاندو بەربوو کەوتە جووتە وەشاندنو تەراتێن بە ناو گەرەکدا بە جۆرێك زەندەق‌دار زەندەقی لە شیرو هۆڕو حیلکە حیلکی ئەچوو ، دوو سێ‌یەك لە جوختی‌یەکان ئەمەیان بە هەلزانی چوونە بن کلێشەی مام ئەحمەدەوە کە ئەو نەبێ ئەم بەڵایە بەلبەست بکا کەسیتر لە حەقی نایە • مام ئەحمەد بەمە لەو مەندەکەی تریش بوو هەستا دوای ئەسپی مام داروغە کەوت ها لێرە ها لەوێ ئەم بە دوای وولاخاو سەگەلی ناو ئاوایی بە دوای هەردووکیانا سەعاتێك بتر یەکتریان هێناو برد تا کابراکە ‌‌ەندی هاوێشتە ملی ئەسپەوەو

گرتی‌یەوە بەلام دوای ئەوەی جووتەیەکی باشی خوارد ، جگە لە کارەساتی سەگەلی ئەو ناوە کە پرزول بەرگیان بە بەرەوە نەهێشتبوو سەرەرای ئەوەی لە چەند لایەکیشەوە کەلبەیان لێدابوو .

بە راستی ئەم کارەساتەم زۆر لا ناخۆش بوو ، هەر سڵم لە ئەنجامەکەی نەکردەوە بۆیە بە پەرۆشەوە لە هاوری‌کەمم پرسی : خۆ شکور فس فس بەم مەخسەرەیە هیچی لێ نەهات ؟

وەلامی دامەوە کەوا : نەمرد بەلام دوو سێ مانگێك لە سەر جێگا کەوت تا برینەکانی ساریژبوونەوەو توزێك هاتەوە سەر خۆی ، لەگەڵ ئەوەشا هەر وازی نەهێناو لە جاران بە گوژم‌ترو سوورتر تێ‌هەڵچووەوە چونکە ئەو بروایەی لە مێشکیا بنچی داکوتابوو کە خوا ناردوویە بۆ رێ‌نیشان‌دانی ئادەمیزاد ، مەگەر مردن لە بیری بیردایەوە .

کە برادەرەکەم ئەم سەرگورشتەیەی تەواو کرد سەری هەلبری‌و لێی‌پرسیم : راتچی‌یە بەرامبەر بە فس فس پالەوان ؟

ووتم : پیاوێکی بەرزە لام چونکە هەرچیەك ئەکا بە دلێکی‌پاك‌و بروایەکی خاوێنەوەیە .



هەواڵنامەی کتێب

# مەیکوتە جـەوتە

## ( ١ )

خوا ماڵو حاڵێکی باشی دابوویە کە بە ئارەزووی خۆی بە سەریەوە بژەلیتەوەو وەك پاشا ڕابویری ، واتا لە هیچی کـەم نەبوو تەنها ژنێکی ڕەوشت جوانو دەست ڕەنگین نەبێ کە ببێ بـە هاوسەرینیو هاوڕێو ژیانی • باوکی خوا لێخۆش‌بووی لە دڵی چەسپی بوو کە ئەگەر زوو ژنێکی ژیرو خاتوونێکی دەست بەزیڕی بۆ نەهێنی کە وەك خۆی چۆن جڵەوی کردوە ئەویش نەیەڵێت ئەوەندە بەم لاولادا هەڵتیزینی ، لـە دوایدا لە کیس ئەچێو چاری ناکرێ ، خۆ دایکی ڕەحمەتیشی هەر بەو داخەوە سەری نایەوە ، هەتا مرد هەر بە ئاواتەوە بوو کە هەتا خۆی ماوە تاقانەکەی بکاتە بەردەوەو منالێکی لە باوەش بگری بەڵام هەر بەو ئاواتەوە سەری نایەوەو ئێستاش بۆی نەهاتە دی • ئیتر ئەوە بوو هەر کە دایكو باوکی مردن ئەم خۆی تاكو تەنهاو بێ کەس مایەوە بەڵام کە ئاوری لەملاو لای خۆی دایەوە سەیری کرد وا دنیا هەمووی بە دەمیەوە پێئەکەنی ، پەل بۆ هەرشتێك درێژ ئەکات بە ئاسانی بە دەستیەوە دێت ، ئەمیش بەرەڵلا بوو ، بـە تایبەتی کـە تاکو باوکی مابوو هـەرگیز دەستی بـە گیرفانێکی بڕا نەکرد ، چونکە ئەمرو مەزی لەگەڵیا ئەجوولایەوە ، هەر

بۆ ئەوەی ئەمیش ڕەوشتەکەی خۆی هەڵگرێو قەدری پارە بگرێ ، چونکە مەگەر هەر خۆی بزانی بە چ دەردو کوڕەوەریەکو بە چ تەقەلاو شەو نخونیەك پەیدای کردەوە • دەسا ماڵی خۆ نەخۆر بۆ چەکمە بۆرە بەڵی هەر چەندە ئەم چەکمە بۆر نەبوو بەڵکوو کودی بو ، هەر ئەو تەنها چۆلەکەیەش بوو ، بۆیە وەك وولاخی تۆر جۆن بە جووتە وەشاندنو تەراتێن بە هەموو لایەکا هەڵئەتیزێنی ، ئەمیش بە هەموو لایەکا تاوی ئەدا بە تایبەتی دەورو پشتیشی زۆر تەلەبالغ بوو ، ئەوی دەنکە جۆیەکی پاشای خواردبێ لە سەر مێزی ئەم شەرە پێکی ئەکردو لە سەر خوانەکەی زورگی ئەلەوەران •

شەو ماڵەکەی وەك بووکی ڕازاوە ئەدرەوشایەوە لەولاشەوە سازو ئاوازو دەنگی گۆیندەو قاقای پێکەنینی سەرمێز تێکەلاو ئەبوون ، شەو قژ زەردی وا خۆی ئەکرد بە باڵا ئەگریجەی ئەت ووت خەیاتەی خاوە، قەد باریكو کەلەگەت ، مەمك قوتو چاو مەست پیاو دڵی نە ئەهات سەیری کا ، لەمانە هەبوو بە نیازی ڕابواردن هاتو چویان ئەکرد هەشبو بە نیازی خۆ ڕێك‌خستنو ڕێك‌کەوتن بەڵکو لە دوایدا بیهێنی ، بەڵام ئەم هەرمێشینی میوان نەبوو ، تەنها بۆ ئەو سەعاتە ئەژیا کە تیایابوو نە بیری لە دواڕۆژ ئەکردەوەو ژن هێنانی بە بیرا ئەهات ، نە سەیری دەورویشتی خۆی ئەکرد ، ئیتر شەوی ڕۆژ بوو نە ئەنوست تا بەیانی ، ڕۆژیشی شەو بوو هەر لە ناو جێگادا بوو تا دەمەو عەسر ، هەستو نیستی هەموو دابووە دەست ئەمو ئەو کە بە ڕاستو چەپا پیایانا ئەدا ، واتا مشەبوو یا خود قەرسیل بوو تێی کەوتبوون • یەکێك لەو هاوڕێیانە کە لە هەموویان زیاتر خۆی بە دۆستی گیانی بە گیانی یاخود بە برا پیشان‌ئەدا بازرگانێك بوو کە هەر لە زووەوە خۆی کردبوو بە برادەری‌و بە جۆرێك خۆی لێ نزیك خستبووەوەو دڵی ڕاکێشابوو ، پێی‌بووتایە بمرە

ئەمرد ، ڕۆژ نەبوو لە سەر سفرەی ئەو نان نەخوات شەو نەبوو لە سەر مێزەکەی پێك هەڵنەدا ، بەڵام خوانەکات ئەم خۆی جارێك دەستێك بکات بە گیرفانا یاخود هەر بۆ ئاهی سوێند ئەویش شتێك دەرخواردی کورە بدا ، بەڵکو بە پێچەوانەوە ، دوای ئەوەی خۆی کرد بە وەکیلی و دەستی گرت بە سەر هەمو ماڵو مڵکیا ، ئنجا کەوتە دزی و دەست وەشاندن، هەر ڕۆژە شتێکی لە ژێر دەست دەرئەهێناو هەرجارە موڵکێکی بێ‌ئەفرۆشت و خۆی لێی‌ئەکریەوەو هەر دەمە بەناوی خەرجی ڕابواردن و ئافرەتەوە قائمەیەکی بۆ پڕ ئەکردەوە جا ئەگەر دەوڵەت کانیشی بێت کە هەر لەبەری برواو نەیەتە سەری لە بن دێت ، کورە کاتێك بە خۆی زانی دەستی لە بنی هەمانەکەوە دەرچوو . ئەوسا بیری کەوتەوە کە باوکی لە کاتی سەرەمەرگا وەسیەت نامەیەکی بۆ بە جێ‌هێشتووە .

## ( ٢ )

بازرگان کە لەوەپێش ئیشی نەئەڕۆیشت لەبەر قەرزاری و دەست‌کورتی و زیان ، ئێستا ئەوەتا دانیشتووە لە ( خان )ەکەیا ، دەستەیەك ئەڕۆن و دەستەیەك دێن ، ئەو شتانەی لای ئەو هەن دەست‌دار ئەیان بات و بێ‌دەست تەماشایان ئەکات ، هەر ژێر دەستەکانی لە مووچە خۆرو بەردەست و ئیشکچی شەش حەوتێك بوون ، ئۆتۆمۆبیلەکەی لێرەوە بۆ ئەوێ درێژبوو لەگەڵ ئەوەشا ساڵ نەبوو نەیگۆڕی . کۆشکەکەی کۆشکەکەی نزاربوو کە لە ژێر چنگی دەرهێنا ، ئەوەتا ئەوەندەی تریشی خستووتە سەر ، هەر بۆ خزمەتی باخەکەی دووباخەوانی تایبەتی گرتووە ، ئەو دارو درەختەی لەویدا هەبوون هەمویانی لە دەرەوە کێش کردبوون ، باخ و گوڵەکانی ئەت ووت بووکی ڕازاوەن دڵیان ئەگەشانەوەو چاویان ڕوون ئەکردەوە .

ئەو هەڵپەو هاتوچۆیەی بازرگان ئەیکردو بەو جۆرەی ئەو هەڵ‌

ئەسوورا یەکێك ئەیناسیایە ئەی ووت ئەمە ئەبێ خێزانێکی زۆری بە سەرا کەوتبێ‌و نان ئەبێ بیان‌داتێ بـە ڕۆژ ئەمـە پیشەی بوو وەك پەروانـە ئەسوورایەوەو فرکەی ئەهات ، وەك هەلۆ چنگینی لـە هەر شتێك گیر بکردایە دەرچوونی ئەبوو لـە دەستی ، چ بـە زمانی لووس‌و دەمی هەراش‌و چ بە ئایین‌و ئۆین‌و دەست‌برین • ئیتر ئەو کردەو کۆششەی ئەو بە ڕۆژ ئەیکرد کە ئەوەندەش بەدەمیەوە ئەجولاو هاتوچۆی ئەکرد ، کاری لێ کردبوو ، چونکە خۆی پیاوێك بوو پێ‌ی‌ئابوە تەمەنی پەنجاو بگرە بەرەو زوورتریش ، دە لەگەڵ ئەوەشا کابرایەکی داوێن پیس‌بوو هەر شـەوێ لێ‌ئەهات سـەری ئەکرد بـەم مالاو ئەچوو بۆ لای ئـەو دۆست ، ئەی خواردەوەو ئەگەراو ڕای‌ئەبوارد ، چاوی بیرپایە هـەر ئافرەتێکیش لەوانەی هاوشانی خۆی دەرچوونی ئەبوو لە دەستی ئەگەر بە دەگمەن ، بە هەر جۆرێك بوایە سازی ئەکردو ئەی‌خستە کەمەنیەوە ، شەو درەنگ نزیکەی بەرە بەیان ئەگەڕایەوە ماڵەوە ، بە مەرجێك هەموو ڕۆژێکیش لە کاتی خۆیا ئەچووە سەر نیش‌و حەسانەوەی ئەبوو • ئەوە بوو لەم دوایەدا ژنە کۆنەکەی تەلاق داو بە خۆی‌و منالەکانیەوە کە کچی عازەبیشی هەبوو ، هەموویانی کردە دەرەوەو مانگی شتێکی بۆ برینەوە ، جوزێکی گەنجی هەژدە ساڵانی هێنا کە بە ڕاستی جوان بوو ، بەڵام دوای ئەوەی کە بەینێك پێکەوەمانەوەو بە خۆشی ڕایان‌بوارد ، بازرگان خۆی پێ‌نەگیرا ، بای دایەوە سەر پیشەکانی پێشووی ، دەستی کردەوە بە چوونە دەرەوەو کەیف‌و رابواردنەکەی جارانی ، ژنەشی لەگـەڵ خۆیا تێکەلاوی ئەو کۆڕانە کردو پێ‌ی‌ناسین ، لەویش بەرەللای ئەکرد لە ناو گەلە گورگاو خۆشی بەدوای مانگا بەگەڵدا وێڵ ئەبوو ، بۆیـە زۆری پێ ئەچوو ژنەش دۆستی بۆ خۆی پەیدا کردو ئەویش لەولاوە کەوتە ڕابواردن تاوای لێ‌هات لەم دوایەدا ئیتر بە شەو لەگەڵ میردەکەیا

ئەئەچووە دەرەوە هەر جارە بیانوویەکی ئەدۆزی‌یەوەو لە ماڵەوە گلی ئەخواردەوە ، هەر شەوە بەخێراتی دۆستێکی ئەکردو بە ئارەزووی خۆی ڕای ئەبوارد •••••• تا بە جۆرێکیان لێ‌هات لەگەڵ مێردەکەیا لە یەکتر ئاشکرا بوون بەڵام گوێیان نەئەدایەو جلەویان بۆ یەکتر شل کردبوو ، هەرکەسە هەولی خۆی‌و تەخت کردنی ئارەزووی جنسی‌ی خۆی بو •

بازرگان خۆی قوماری نە ئەکرد چونکە ئەوەی بە کفر ئەزانی ئەو پارە پاک‌و تەمیزەی بەو جۆرەو بەو هەموو هەول‌و تەقەلاو ماندووبوونە پەیدای ئەکات ، هەر وا بە با بێ‌هەواو لە سەرمێزی قومار لە بەردی بدا ، بەڵام زۆری پێ‌نەچوو خانمی ژنی فێر بوو بگرە بووبە کرم لـە مێشکیا ، بۆیە شەو نەبوو لـە ڕێستی نەدەن بـەم جۆرە خانم شوولی لێ‌هەلکیشاو لەمەش زیاتر بە جۆرێک ئاگری گرتبوو هەرکەس نەبوایە شەو لەگەڵ ئۆتۆمۆبیلچیەکەیان ڕای‌ئەبوارد •

## ( ٣ )

نزار کوڕێکی کەلەگەتی چوارشانەی بەخۆوە بوو ، سـەرو سمێلێکی ڕەش‌و چاوی گەورە گەورە ، ئەویش یەکێـک بوو لەوانەی کە لە پێش هەموو کەسێکی‌ترا ڕێ‌ی کەوتە ماڵی بازرگان ، هەرچەندە بازرگان خۆی کـە ئیشی پێ‌ی‌نەما هـــەر زوو پشتی تێ‌کردو ڕووی لێ‌وەرگێرا مەرحەبای نەئەکردو خۆی تێ‌نەئەگەیاند بەڵام مانگا بە کەل ڕای‌کیشاو خوی لەگەڵ خانما ڕێک‌خست ، لە هەوەڵەوە کـە جار جار هاتو چۆی ئەکرد ئەویش بەدزی‌یەوە بوو لە کاتێکدا کە کابرا خۆی لە ماڵەوە نەبێت بەڵام لەم دوای‌یەدا وای لێ‌هات ڕۆژ نەبوو نەچێت‌و بـە جۆرێک دڵی خانمی ڕاکێشا ئەگەر ڕۆژێک لە کاتی خۆیا نەچوایە بـە تەلەفۆن گێژی ئەکرد یا ئەی‌نارد بە دوایا ، هەر هیچ نەبوایە ئەچووە سەری • ئیتر خانم دۆستەکانی تری یەکە یەکە بەرەڵلاکردو کـەوتە

ڕووگرژ کردن لێیان ، قاپی لە هەموویان داخستو ڕووی لە گشتیان وەرگێڕا ، هەر بە تەنها نزاری گرت بە جۆرێك پەیوەندیی بەینیان بوو بە خۆشەویستی . هەر یەکەیان شایان بەگەدا ئەزانیو ئاووریان لە کەسی تر نەئەدایەوە لە یەکتر نەبێت ، لەولاشەوە بازرگان هەرچی ملکو ماڵی نزار هەیە هەمووی لە ژێر دەست دەرهێنا بوو ، ئەوەی ئەویش فریای نەکەوتبوو ئەموو ئەو لە ژێر چنگیان دەرهێنابوو ، کورە هیچی بە دەستەوە نەمابوو ، ئەوەندەش دەستە پارچەو نەکردەبوو نەی ئەتوانی ئیشێك بکاتو نانێك بۆ خۆی پەیدا بکات ، هیجگار هەر بە ئومێدی وەسیەت نامەکەی باوکی ئەژیا کە بە دوایا وێڵ بوو بۆی نە ئەدۆزرایەوە ، چونکە کە باوکی لە کاتی سەرە مەرگا ئەو قسەیەی درکاند بوو لە لای کە گوایە وەسیەت نامەیەکی بۆ بەجێ هێشتووە هەر لە ماڵەکەدایە ، ئیتر فریای ئەوە نەکەوت کە پێ‌بڵێ لە کوێیا داناوە ، زوو ملی لاربووەوەو بەلاداهات ، ئەمیش دوای مردنی باوکی سامانێکی لێشاوی کەوتە بەردەست ئەوسا پێویستیی بە هیچ نەبوو بەڵکو وەسیەتو وەسیەت نامەی هەر لە بیر چووبووەوە ، بەڵام لەم دوایەدا کە هیچی نەماو کەوتە سەر ساجی عەلی ، ئەوسا کەوتە گەڕان بە شوێن قەرزی کوتا بەو ئومێدەی کە ئەو وەسیەتنامەیە شتێکی تیابێت بە کەلکی بێت ، بگرە بە تەمای ئەوەبوو کە باوکی شتێکی بانی بۆ لادابێت کە لە ڕۆژی ڕەشا بە کاری‌بێت ئیتر ئەوە بوو بە ئومێدی هەرە گەورەی لە ژیانا کە شەوو ڕۆژ خەوی پێوە ئەدی بە تایبەتیش کە ئەوەندەنەبوونیو دەست کورتی دیو فێریش نەبوو بووزۆر لای ستەم بوو لە دڵی خۆیا بڕیاری دابوو ئەگەر لەو وەسیەت‌نامەیەی باوکی شتێکی دەست‌بکەوێ ئیتر لە دەستی‌نەداتەوەو پارێزگاری بکات ، واتا شەپازلەی زەمانە هۆشی پێ هێنابووەوەبەر خۆی ، بۆیە کەوتە گەڕان بە دوای وەسیەتدا هەر لە ماڵەکەی خۆیانا کە ئێستا بووە

بە هی بازرگان ، حەزیشی نە ئەکرد خانم بزانێ کە بۆ شتێکی وائەگەری ٠
ئیتر هەر کە بچوایە ماڵی بازرگانو هەلی بۆ هەل کەوتایە دەستی ئەکرد
بە گەڕانو پشکنین لەو شوێنانەدا کە گومانی بۆ ئەچوو ، گەلێك
گەراوماندووبو بێسوود بوو،تومەز کارەکەرو خزمەت کار دیویانەئەوەندە
ئەگەرێ بە کەلوقوژبنی ماڵەکەدا چووبوون بە ئاغا ژنیان ووتبوو ،
ڕۆژێك لەوەپێش کارەکەرێکی سندووقێکی ئاسنی بچکوولەی داخراوی
لە لایەکی تەختەبەندی ژێر پێپلکەکانا دۆزیبووەوەو بۆی هێنابوو ، ئەویش
هەرچەند خەریکی بوو بوو بۆی نەکرابووەوە ، بەرێ کەوت لەو کاتەدا
نزار خۆی ئەکات بە ژوورا کە سندووقەکە ئەبینێ لە ژنەی وەرئەگرێو
هەرلەوێدا خەریکی ئەبێت تا ئەیشکێنیو ئەیکاتەوە کە سەیر ئەکات
زەرفێکی تیایە کە ناوونیشانی باوکی پێوەیەو بۆ خۆی نووسراوە ئەمیش
زۆر دڵی خۆش ئەبێو ئەڵێ دەنگ مەکە ئەمە ئەوەیە کە من بە دوایا
وێڵم ، بە پەلە پەل زەرف ئەکاتەوە سەیر ئەکا پارچەیەك کاغەزی
بچووکی تیایە کە دەری ئەهێنێو ئەویش ئەکاتەوە ، وەك کاسەیەك خۆڵو
دۆ بکەن بە سەریا کە تەماشا ئەکات لەمە زیاتر هیچی لێنە نووسراوە
( کوڕی خوم : مەیکوتە جەوتە )[١] ، کوڕە کە ئەمە ئەبینێ هەناسەیەکی
سارد هەڵئەکێشی چاوی پڕ ئەبێ لە ئاو ٠ خانم کە تێئەگا چ باسە
پێی ئەڵێ :

---

(١) ئەگێڕنەوە کە کابرایەکی برسی چاوی بە زەلامێكو بارێك
ئەکەوی ، وا ئەزانیت کە بارەکە ئاردە ، ئەویش دوای ئەکەوی بە هیوای
ئەوەی کە لە قۆناغ ئەگەر خاوەنەکە چەند کولیرەیەکی لێکرد ئەمیش
کولیرەیەکی لێبخوات ، کابرای خاوەن بار تێئەگات ووپێی ئەڵێ ( مەیکوتە
جەوتە ) واتە خۆت ماندوومەکە جەوتەو ئارد نییە ئێستاش ئەم پەندە
بەو کەسانە ئەووترێ کە بە هیوایەك دوای شتێك بکەونو بەهرەی
لێوەرنەگرن [ لاپەڕەی ١٥٢ پەندی پێشینیانی شیخ محەمەدی خاڵ ] ٠

– کوڕە غیرەتت بێت ، دەتوش پەڕۆیەك لە کابرای لای من دادرە کە لە هیچەوە بوو بە خاوەنی ئەم ماڵو حاڵە • بەڵام یاخوا کەس بەو نەبێت لە ساختەو دەستبڕینا •

ئەویش لە وەڵاما ووتی :

– ئەو چاوانەی تۆ خۆش بێت مەرج بێت تێکۆشمو کۆڵ نەدەم •

هەواڵنامەی کتێب

# ئای کە نەنکێکی دڵسۆز بوو

## ( ١ )

شەوەکەی شەوێکی هێجگار تۆفو تووش بوو ، لەشەوە هەرە سەختەکانی زستان بوو لەوانەی کە تفت هەلدایە هەر بەئاسمانەوە نەیبەست ، سەرماکەی بەکەرەم نەبوو ، بەفر تارایەکی سپی ئەستووری بە سەر هەموو لایەکا کیشا بوو ، جار جار چایەکیشی هەڵئەکرد ، پیاو لە گرمەو لوورەی زەنەتی ئەچوو ، بە تایبەتی کە پەنجەرە شڕەکەی زوورەکەمانی هێنابووە هەلەکەسەماو شەقو هۆڕ ، منیش لەگەڵ خوشکەکەما لە دوو توێی لیفەیەکدا پێکەوە نووستبووین کە تاکو بەیانی لە ژێریا لە سەرمانا پێکەوە هەڵئەلەرزین ، بەتایبەتی ئەوشەوە کە هەردووکمان وەك ژیشك خۆمان هێنابووەوە یەك بە جۆرێك کە بە تەواوەتی گومان لە دانەجوقیی یەکتری بوو .

دایکیشم لە تەنشت ئێمەوە خۆی بە لیفە شڕێك پێچابووەوە تا لایەکی دائەپۆشی لایەکی دەرئەکەوت بەڵام ئەو هەر خەمی ئێمەی بوو ، بەوەدا کە زوو زووهەڵئەستا سەیرێکی ئەکردین و پاڵ ئەکەوتەوە .

سەرما خەوی لێزڕاندبووم ، ئاگام لێبوو کە دایکم هەستا بەو

دارو چیلکەیەی لە هەیوانەکەدابوو لە ئاگردانەکەدا ئاگرێکی خۆشی کردەوە کە بەوە تەشقی سەرماو سامی تاریکی زوورەکە شکا ئەوسا هاتە زوور سەری منەوە هەڵی سانمو ( لەنجە )ئی ڕاست کردەوە هەردوو کمانی نزیك ئاگرەکە خستەوەو لەوێ سەری کردینە سەر ڕانیو بە لیفە شڕەکە دای پۆشینەوە ، ئیتر گەرم ڕاهاتین لەوەدا بووم خەوم لێ بکەوێتەوە لە پڕ دڵۆپێك ئاو کەوتە سەر ڕوومەتم کە سەرم هەڵبڕی سەیرم کرد دایکمە لە بەر خۆیەوە ئەگریو خوڕ خوڕ ئاو بە چاویا دێتە خوارەوە ، منیش لەگەڵ ئەوا دەستم پێ کرد ، ئیتر گریانو گەرما خەویان لێ خستمەوە بە ئاگا نەهاتم تا چێشتەنگاوێکی درەنگ ئەوسا خەبەرم بووەوە گوێم لە مشتو مڕو گلەیەك بوو لە هەیوانەکە وا بزانم لە بەینی دایکمو باوکما بوو کە لە دواییدا توند بوو بووبە هەرەشەو شەڕە قسەو جوێن .

## ( ٢ )

ئەنکم پیرێژنێکی نوورانی سەر سپی دەم بە ویردبوو ، ئەوەندە لە خوا ترس بوو سەری بچوایە نوێژی نە ئەچوو ، هەرچەندە پیر بوو بەڵام لە خوا بەزیاد بێ لەشی ئەوەندە ساغو تەندروست بوو ماشەڵلا ئەتووت لە پۆڵا دارێژراوە . بۆیە لەشی هیچکار سووکو گورجو گۆڵ بوو ، هەیتیکی هەویر شێلانو نان پێوەدان بوو بۆ ماڵان هەیتێکی مریشك ناانەوەو هێلکە فرۆشتن بوو ، هەیتێکیشی گەنمە شامی برژاندن بوو کە هەموو ڕۆژ سەبەتەیەکی پڕ ئەکرد بۆمو جامولکەیەکی بۆ تێ ئەخستمو ئەیووت :

ـ دە بڕو بە قوربانت بم هەردوو جامولکەی بە عانەیەك ، نەیەڵی

منالە ووردکە ناخونەکت لێبدەن بە ساقەی ئەو سەرەتبم تا هەمووی نەفرۆشیت نەیەیتەوە •

منیش سەبەتە گەنمە شامیم ئەنا بە سەرمەوە ئەم کۆڵانو ئەو کۆڵان ئەگەڕامو بڕبە دەنگ هاوارم ئەکرد :

ـ بە لێو ئەخوری گەنمە شامی ، ناسکو نەرمە گەنمە شامی ، سوور خوێو گەرمە گەنمە شامی ••• بەم جۆرە ئەگەڕام تا سەبەتەکەم هەموو ساغ ئەکردەوە ئەوسا ئەگەڕامەوە بۆ ماڵەوە.هەر لەبەر دەرگاوە نەنکم ئەهات بە پیرمەوە ، گەڵێك بە ساقەو بە قوربانم ئەبوو ، پارەکەی هەموو لێوەرئەگرتم ، هەر لەوێدا ئاگرێکی ئەکردەوە ساجەکەی ئەخستەوە سەرو دەستی ئەکردەوە بە گەنمە شامی برژاندن لە پێشا وەك هەموو جارێك کۆنی خۆی لێبڕ نەکردو ئەیووت :

ـ دە بخو تا گەرمە ، باوکەکەی باوکم من ماڵی دنیام بۆ چییە ، ئەزانم حەز لە چی‌تر ئەکەیت ، ئەمەی ئەووتو ساجەکەی لە سەر ئاگرەکە لائەداو هەڵئەستا وەك تیسکەی تفەنگ تێی ئەتەقان ئەوەندەی نە ئەبرد دوومەسکەتو لەبزینەی لە دوکانی سەر کۆلانەکەی لای ماڵی خۆمانەوە بۆ ئەکریم ئەی هێنایەوە فرێی ئەدایە کۆشمەوەو دەستی ئەکردەوە بە گەنمە شامی برژاندنو ئەیووت :

دە بخۆ قەزات لە ماڵم ، مادام تۆ ئەوەندە گوێ ڕایەڵو ئیش‌کەری ، ڕووحی خۆشمت دەرخوارد بدەم هێشتا کەمە • ئنجا سەری هەڵئەبڕیو ئەیووت :

ـ ئەیەڕۆ ئەوە کەلاشەکانت دڕاوە ، ئەی ئەوە بۆ قسەناکەیت باوکەکەم ؟ بە پەلە پەل گەنمە شامیەکەی ئەبرژاند بۆی ئەکردمە

سەبەتەکەوەو لە وێیدائەنا پەلی ئەگرتم ئەیبردم بۆ بازار دوای ئەوەی دەرگاکەی ماڵەکەی دائەخست ، ئەم دوکان‌و ئەو دوکان ئەی گەرانم لە کۆ باشترین پێڵاو ببوایە بۆی ئەکریم ، لەویوە کڵاوێکی گوڕونی جوانیشی بۆ ئەکریم‌و هەر لە بازار ئەیکردە سەرم‌و ئەهاتینەوە بۆ ماڵەوە لەوێ سەبەتەکەی ئەدایەوە دەستم منیش ئەمنایەوە بە سەر سەرمەوە بە پێڵاوو کڵاوی تازەوەو جل‌و بەرگی پۆشتەوە کە زۆر دڵم پێیان خۆشبوو گەنمە شامیم ساغ ئەکردەوەو ئەهاتمەوە • خۆ هەر بەوەشەوە نە ئەوەستا ، هەر لە قەزوان‌و چەقاڵەو گوێزی سوورەوە بیگرە تا ئەگاتە شێلم بەترش‌و تەڕەسازو شەربەت لە هەمە جۆرە ، هەریەکە بە پێی وەرزوو ڕۆژ ئەیدامی‌و بۆم ئەفرۆشت ، تاکو جاری وا هەبوو مەسکەت‌و لەبزینەو ماجوومێنی بۆ ئەکریم کە بیانفرۆشمەوە لەگەڵ ئەوەشا کە ئەیزانی چەند حەزیان لێ ئەکەم • هەموو جارێکیش دووپاتی ئەکردەوە لێم ئەیووت :

ـ کوڕی خۆم ، دەردی کوردەکە ئەڵێ : چ کێوەزی‌و چ مێوەزی • حەز لە هەر شتێك بکەیت ، تۆزێکی لێ بخۆیت‌و زۆری لێ بخۆیت وەك یەك وایە •

## ( ٣ )

زۆر حەزم لە ئافەرینەکانی نەنکم ئەکردو دڵم پێی خۆش ئەبوو ، بگرە هیچ شتێك لەوە خۆشتر نەبوو لەلام هیچگار کە ئەکەوتە ستایشم لە لای خزم‌و خۆیش‌و هانی ئەدام بۆ شتی زیاتر کە منیش بەو قسانە گەز گەز باڵام ئەکرد • نەنکم هەر چەند ئەمانەی هەبوو بەڵام لە

هەمان کاتا هارو هاجو دریش بوو • ڕۆژێك منالێك بێ ئەوەی ئاگام لە خۆم بێت هات لــە دواوە باڵێکی پێوەنامو دەستی کرد بە لێـدانم منیش تەبەقە حەلوام لە دەست پەڕی ، هەر چیەکی لە سەر بوو هەریەکە بــە لایەکا بڵاوبوونەوە لەگەڵ کەوتنی منا ، منالی چەتوون فریای سێ چوار مەسکەتو ماجومی کەوت لە سەر ئەرزەکە کۆی کردنەوە فراندنیو ڕای کرد، منیش هەلسامو خۆم تەکان لە هەمان کاتا پیاو چاك لێم کۆبوونەوەو ئەوانەی بە کەلك هاتن لە شیرینیـەکان بۆیان پاك کردمــەوەو خستیانەوە سەر تەبەقەکە ، منیش ڕاست گەڕامەوە بۆ ماڵەوە هەر ئەوەندەم خۆشبوو تا بە سەر هاتەکەم بۆ ئەنکم گیڕایەوەو قسەکانم تەواو کرد ئیتر ئەنکم ئاگری گرتو کێچ کەوتە کەولی لە هەتاوی نەگەیاندە سێبەر هەر لەوێدا هەستا منی پێش خۆی داو ئەم کۆڵانو ئەو کۆڵان ڕۆیشتین تا یەك سەر خۆی کرد بە ماڵێکا لەوێ ڕاست لووتم بوو بە لووتی ئەو کوڕەوە کــە باڵەکەی پێوە نام بە ڕاستی واقم وڕمابوو سەریشم سووڕما کە چۆن ئەنکم زانیی • ئیتر وەك دڕك تێیانــەوە ئاڵا ئەوەندەی شاتەو ئەعرەتە بــە سەراکردن ئەو گەرەکە ماڵەی هێنایە سەریان ، وازی لێ نەهێنان ئەوەندەی پێ کردن ڕیسوای کردنو هەرچی زیانیکیشمان لێ کــەوتبوو بەزیادەوە پێی بژاردن ، ئەوسا ڕووی تێ کردن ووتی :

ـ ئەزانم کوێتان یەشێت ، قوڕ بە سەرتان ئەگەر ئێوە مەنێکن من دوو مەنم بیجگە لە گورزو کەمەنم • ئەمەی ووتو پەلی گرتم لەگــەڵ خۆی هێنامیە دەرەوە ، هەر لە بەر دەرگاوە دەستی کرد بە ئامۆژگاریم بەڵام سوور بووبووەو هەموو گیانی ئەلەرزی ووتی :

ـ نەخەلەتابی زیان بە کەس بگەیەنیو ئەزیتی کەس بدەی یاخود چاو ببڕیتــە شتی ئەموونەو بــەڵام تابی دەست درێژی کەسیش قبوول

بکەیت‌و بیلی ماڵت بە خۆرایی بخۆن • هەمیشە خۆت بپارێزە لە منالی چەتوون‌و دڕندە بەڵام ریش نەبێ بە تووشەوە ، کەبوو ئەبێ شانەی بۆ هەڵبگری هەرگیز سەر بۆ کەس دانەنەوێنی ، ئەمـە بکە بە ئەلقـەو بیکەرە گوێت تێ‌گەیشتی ؟ قسەکانی بە نوورەی‌وە ئەکرد لێوی ئەلەرزی لەگەڵیا منیش لە وەڵاما پێم ووت :

ـ بەڵێ نە نە گیان تێ‌گەیشتم •

ئەنکم ئەمانەی ئەکرد ، جار جاریش سەیرم ئەکرد لە ژوورەکەدا پارەی بەجێ ئەهێشت ، یا کلیلی سندووقە تەختە گەورەکەی لە شوێنێکی وادا فڕێ‌ئەدا کە من بی‌بینم‌و خۆی ئەڕۆیشتە دەرەوە منیش هەر چی‌یەکم بدیایە هەڵم‌ئـەگرت‌و کە ئەهاتـەوە گورج ئەمدایەوە دەستی ، ئەویش خۆی وایشان ئەدا کە لێی بەجێ ماوە یالێی کەوتوە • هەر چـەند سندووقەکەشی ئەکردەوە دوو سێ پریاسکەی لەبەر چاوی من لێ‌دەر ئەهێنا ، پریاسکەیەکیانی هەر بەجیـا تەرخان کردبوو بۆ پارەی کارو کاسبیەکەی من •

ئەنکم جگە لە دوعاو بابەتی تۆز تۆزە تۆزە قورئانیشی لەبەربوو • جار جار کە دائەنیشتین بۆی ئەخوێندمەوە لـە پاڵ ئەوەشا خەوەکـەی حەزرەتی یووسف‌و سەگەکەی ( أصحاب الكهف )و زۆر شتی‌تری بـە چیرۆك بۆ ئەگێرامەوە ، ئێستا ئەزانم کـە زۆریان تەواو نەبوون‌و نیوەو ناچڵ‌و هەندێکیشیان خۆی ئەی‌خستە سەر بە خەیاڵ ، ئیتر ئەوەندەشی ئەبرد دڵخۆشی دامەوەو ئاردمە حوجرەی بەیانیان بەڵام چ حوجرەیەك ، مامۆستا مەلایەکی هەژار جگە لەوە بێ‌دەسەلات بەڵام خوا هەڵناگرێ خوێندەوارو عالم بوو ، هەر ئەوەندەمان ئەزانی مەلا ژن بە شانە شات‌و بۆڵە بۆڵ لەو دیوەوە ئەهاتە سەری هـەر جارە بیانوویەك هـەر ڕۆژە

بەزمێکی پێ‌ئەگرت ، جی‌بوو ئەم گەنجو مەلا پیر ، بەڵام ملەۆستا بەرامبەر بە قوتابیەکانیشی قاجی مریشکێکی پێ نەئەکرایەوە هەمیشە دەنگیـــان ئەهات ، بۆیە ئەنکم لە وێی دەری‌هێنام‌و خستمیە حوجرەیەکی تر کـە بە ڕاستی سوودم لێ‌وەرگرت .

( ٤ )

ئەنکم نەك هەر حەزی لە چارەی دایکم نە ئەکرد بەڵکو زۆریش ڕقی لێی‌هەڵسابوو ، هەموو جارێك ئەیووت :

– جەرگ خۆشەویستە دوعای مردنی لێ‌ناکەم ، بەڵام بابروات هەرخۆی بە خۆی‌بێت ، حەوت شوکەرێ ، بە دەست خۆم نی‌یە هەندی جار وام لێ‌دێت ئەڵێم کوێر بیم‌و نەی‌بینم .

کەمنیش لێم ئەپرسی : بۆچی ئەنە گیان چی‌کردوە والێی‌زۆری ؟ ئـەیووت : کوڕی خۆم تۆ منـاڵی‌و نایزانی ، شـوەکانی وەك ڕەدووکەوتن‌و بەبێ پرسی من بوون باوکی تۆ کە داوای‌کرد لەگەڵـا کوڵ‌و کافر بوو ئێستاش هەربێزم ئەهات وەڵامی بدەمەوە چونکە جگـە لەوەی ژن‌و منالی تری هەبوو ، خوری‌و ئارەق خۆر بوو ، کەچی هەر نەم‌زانی چۆن ئەو دولولەیە لە ژێرەوە خۆی لەگەڵیا ڕێك‌خست‌و جاشای لە من بۆ کرد .

– کەواتە ئێستا من خوشك‌و برای‌ترم هەیە .

– ئەی ئەوەکی بوو لێی دایت‌و تەبـەقە حەلواکـەی بەملاولادا بڵاوکردیتەوە ؟ ئەوە بوو ئێمەش چوینە سەریان .

– کێ بوو ؟

ـ ئەوە برای باوکیت بوو !

ـ دە تو خوا نە نە گیان با لەگەڵیانا ئاشت بینەوەو بچین بۆ لایان •

ـ نەریمان ئەوە پێت بڵێم جارێکی کە ئەم قسەیە بکەیتەوە نووری دیدەم پیت ئیتر ناتناسم چونکە من لە سەر تۆ لەگەڵیانا ئەوەندەی نەمابوو سەرو ماڵم تیا بچێت ئێستا تۆش وائەڵێی •

ـ ئاخر بۆچی نە نەگیان چی بووە ؟

ـ چۆن چی‌بووە ؟ لە سەر ئەوەی دایکە هەڵگیراوەکەت شووی بە سەر کچەکەیاناکرد بە باوکت •

ـ باشە ئەی باوکم بە چی‌مرد ؟

ـ بەچی‌مرد ؟ ئارەق جەرگی بڕی •

ـ دەولەمەند بوو یا فەقیر ؟

ـ وەڵلا بە قەدەر نۆ جوولەکەی هەبوو بەڵام هەمووی بە فیرۆ بەباداو لەم دوای‌یەدا خیری پێ‌نەشا •

ـ ئەی کەسی نەبوو ؟

ـ برایەکی هەبوو ئەوەبوو دوای مردنی باوکت ، ئەو مامەت هات دایکتی مارە کردو بردی بۆ ئەو خوارەو ئەڵێن چەند ڕۆژێکە هاتوونەوە •

ـ دە نە نە گیان بە قوربانت‌بم با سەرێك لە دایکم بدەین دەمێکە نەمدیوە •

ـ ڕۆڵە ، من نایەم تۆ کەیفی خۆتە ئەچی بچۆ ، بە مەرجێك ئیتر

ئەیەینەوە بەر چاوی من منیش ئەچوم دەستم ئەکردە ملی ئەملاولایم ماچ ئەکردو دەستم ئەکرد بە گریان ، ئەویش توورەیەکەی دائەمردەوەو بە قوربانو بە ساقەم ئەبوو ئەیووت نە باران دیوەو نە باران ، بەلام لە دلا وەختە بوو شێت بم بۆ دایکمو هەرچەندیشم ئەکرد لە تاو ئەتکم نەم ئەویرا هیچ بکەم ، تارۆژێك لە کۆلانا ئەو برایەم کـە پالەکەی پێوەنام تووشم بوو ووتی :

ـ ئەریمان دایکت لە مالی ئێمە لەگەل مامیایە داوات ئەکات ئەلێ هەر ئەبێ بێت بۆ لام • منیش ئەم جارە هیچ ئەتکم بە خەیالا نەهاتو بیرم لەو نەکردەوە ئاگری دایكو فرزەندی پالیپێوەنام یەکسەر دوای شیروان کەوتم کە چووم سەیرم کرد دایکم لەبەردەرگاکـە وەستاوە چاوەرێ ئەکات • هەرکە منی بەدی کرد بەپرتاو هات بەپیرمەوەو پەلاماری دام دەستی کـردە ملمو دەستی کرد بـە گریان ، خێرا خێراش ماچی ئەکردمو ئەیووت :

ـ ئۆخەی ئەریمان گیان ئەمە توی کرەی جەرگەکەم ، یاخوا بـە قوربانتبم ،ئۆخەی شوکور گەورە بووەو عاقل بووە ، منیش بە ڕاستی زۆر ڕەحمم چوەسەری هەرچەندە شێوەی ئەوسایم لە بەرچاو نەمابوو ، بەلام لەگەل ئەتکما هەر ئەتورت سێوێکنو کراون بە دوو کەرتەوە • ئیتر بردمیە ژوورەوە داینامو دەستی کرد بە گیرفانیا پارەی دەرهێنا بمداتی هەرچەندی کرد لێم وەرنەگرت بـەم جۆرە نزیکەی سەعاتێك پێکەوە ماینەوە لەوە بەدواوە ئەم وێرا زۆر بمێنمەوە بە تایبەتی کـە ئەتکم بیر ئەکەوتەوەو ئـەو بەزمەی کـە لە سەر من لـەم مالـەدا گێرای هـەر وەختەبوو زەنەقم بچێت ، ئیتر بە ڕاکردن هاتمە دەرەوە دەستم کردەوە بەگەنمە شامی فرۆشتنەکەی خۆم •

( ٥ )

ڕۆژێك لە بازار لە ( محل ) لە ژوورەکەی پشتەوە دانیشتبووم بیرم لە ئەنکم ئەکردەوە کە چەند ڕۆژێك لەمەوپێش لەگەڵ شیروانی براما ناردبووم بۆ بەغدا بۆ عملیات ، چونکە ئەم جارە خۆم بۆم نەکرا وەك جاری پێشو لەگەڵیا بچم ، مامم کە بە سەر ئیشو کارمەوەبوو لەگەڵ دایکما چووبوون بۆ حەج هێشتا نەگەڕابونەوە جگە لەوەی کە چەند ڕۆژێکیش بوو حەمەی کوڕم لەگەڵ کوڕەکەی شیروانی براما خەتەنەم کردبوون لەولاشەوە نەخۆشی کوڕەکەی لەنجەی جوانە مەرگی خوشکم کە بەسەرییەوە ڕۆیشت لەوێ بووەستی ، بۆیە خۆم مابوومەوە بۆ سەرەوکاری ئیشەکانم ، شاگردەکان لەوێ بووەوە خەریکی سندوقە چاو فەردە شەکر فرۆشتن بوون ، خێرا خێرا ئەبوایە وەڵامی ئەو نامەو بەرقیانەم بدایەوە کە خەڵکی ئەیان کرد بۆ شتومەك ، هەر هەڵبجرینی زەرفی یەکێك لەو بەرقیانە بووکەبەی لە جەرگمەوە هێنا کە شیروان تیایا نووسیبو :

( بەداخەوە ئەنکم تۆ خۆش سـ بەینی تەرمەکەی ئەگات چاوەڕوان بن ) •

بە ڕاستی پەیامێکی ناخۆش بوو ، چونکە ئەنگی خوالێخۆش بووم

لەو ڕۆژەوە کە بە منالی لە چنگ دایكو باوكمی دەرهێنامو گرتمیە خۆی وەك مەشخەڵێك وابوو بۆ من کە ڕێگای ژیانی بۆ ڕوون ئەکردمەوە ، ئەو گەورەی کردمو فێری کاسبی کردم ، ئەو فێری خوێندەواریو پیاوەتی کردم ، ئەو دەستمایەی ئێستا هەمەو جوار مالی پێبەخێو ئەکەم ئەو بۆی کۆکردمەوەو هی ئەوەو لە سایەی ئەوەوە وای لێهات ، هیچ دەروو نییە ئەگەر لە کۆشی دایکما گەورە بوومایە خۆریەکی لاکۆڵان دەرچوومایە . دەك هەزار فاتحە بۆ گیانی پاکت نەنە گیان ...

# ناوەرۆك


| چیرۆك | لابەڕە |
| --- | --- |
| سەید کەڵەك | ٣ |
| دوو ئاوانەکەی شوێن ماڵەگەورە | ١٠ |
| جومعە جامع | ١٤ |
| بوو بووم بە دڕکی مەموزین | ١٨ |
| زاوا ڕێوی | ٢٤ |
| ئێوارە وەختە جرێن بەجەختە | ٣١ |
| گەرمیانو کوستان | ٣٤ |
| فس فس پاڵەوان | ٣٩ |
| مەیکوتە جەوتە | ٤٤ |
| ئای کە نەنکێکی دڵسوز بوو | ٥٢ |


هەواڵنامەی کتێب

خاوەنی ئەم کتێبە
مصطفى جميل مصطفى

## کتێبە چاپکراوەکانی نووسەر

—

١ ـ خانزاد ، چیرۆکێکی کوردی یە ، بەغدا ، ١٩٥٧ .

٢ ـ پەڵە هەورێکی چڵکن ، چیرۆکێکی کوردی یە ، بەغدا ، ١٩٥٨ .

٣ ـ سەید کەڵەك ، کۆمەڵە چیرۆکێکی کوردی یە ، بەغدا ، ١٩٦٩ .

هەواڵنامەی کتێب

# SAIYED KALLAK

AND EIGHT SHORT STORIES

WITH PRESENTATION

By

By

Jamal Baban

Jamal Baban

Baghdad 1969


چاپخانەی ئەسعەد

بەغدا — ١٩٦٩

نرخی (١٢٠) فلسە